www.gagesh.com

# چوارینەکانی خەییام

وەرگێڕانی مامۆستا هەژار

بە لاتینی کردنی گاگەش

کەریم دانشیار

ساڵی 2000

سوید



1

تیرێژ* كه به ڕۆژ و پێل* به دەریا دریا
لەو ڕۆژەوە گوڵ پێکەنی، بولبول گریا
خوا نووسی لە چارەی ڕەشی ئێمەش بەشمان
ژینێکی هەژاری پڕ لە خۆزیا* و بریا

* تیرێژ = تیرۆژ، خۆر، ڕۆژ، هەتاو
* پێل = شەپۆڵ ، شەپۆلی ئاو
*خۆزیا = خۆزگە، بریا

Tîrêj ke be r̂oj û pêl be deriya diriya
Lew r̂ojewe guĺ pêkenî, bulibul giriya
Xiwa nûsî le çarey r̂eşî êmeş, beşiman
Jînêke hejarî pir̂ le xoziya û biriya



2

گریا گوڵێ بۆ گوڵاو سەر ئاگر نریا
ئەم بۆن و بەرامەیەم نەبووبا بریا
نرخی هونەر و جوانییە دەیبا گەردوون
کێ پێکەنی جارێکی، هەزارجار گریا

Giriya guĺê bo guĺaw ser agir niriya
Em bon û berameyem nebûba biriya
Nirixî huner û ciwaniye deyiba geridûn
Kê pêkenî carêkî, hezar car giriya



3

بێهوودەیە بیر و خەم ، دڵت خۆش کە برا
پرسیار نەکرا، بەشت درا هەرچی درا
تۆ هێشتە نەهاتوویە جیهان ڕۆژی بەرێ*
ئەو ڕۆژی دەبوو بچیە دەرێ، دیاری کرا

* ڕۆژی بەرێ = ڕۆژی یەکەم، ڕۆژی پێشین

Bêhûdeye bîr û xem, diÎit xoş ke bira
Pirisiyar nekira, beşit dira heriçî dira
To hêşitê nehatûye cîhan r̂ojî berê
Ew r̂ojî debû biçiye derê, diyarî kira



4

بەس هەڵ بخولێ بە دەوری پیس و پاکا
تاکەنگێ بە شوێن هەموو خراپ و چاکا
گەر زەمزەمی، یان دای بنێ ئاوی ژیانی
ناچاری دەبێ ڕۆچی بە سینەی خاکا

Bes heÎibixulê be dewirî pîs û paka
Ta kenigê be şiwên hemû xirap û paka
Ger zemizemî, yan dayibinê awî jiyanî
Naçarî debê r̂oçî be sîney xaka



5

مردن چییە؟.. کەس تێنەگەیی تا وێستا*
تەوڕات* و زەبوور*، تا دەگەیە ئاوێستا*
زۆرکەس لە ژیان دواوە زانایانە
بۆ باسی مەرگ گێل و نەزان ڕاوێستا*

* تا وێستا = هەتا ئێستاکە، هەتا نووکە
* تەوڕات = کتێبی دین و ئایینی جوولەکەکان
* زەبوور = کتێبی ئایینیی داود پێغەمبەر
* ڕاوێستا = وەستا، ڕاوەستا
* گێل = حۆل، گێژ، مات

Miridin çîye? kes tênegeyî ta wêsita
Tawiȓat û zebûr, ta degeye awêsita
Zor kes le jiyan diwawe zanayane
Bo basî merig gêl û nezan ȓawêsta



6

بیستوومە بەهەشتێ هەیە هۆری* تێدا
ڕووباری شەرابی پاکی دەڕوا پێدا
من لێرە مەی و یارێ پەیاکەم چ دەبێ ؟
دەسکەوتەکە هەر یەکن بو هەردووک ڕێدا

* هۆری = حوری، فرشتەی کچ

Bisitûme beheşitê heye hûrî têda
Ȓûbarî şerabî pakî deȓiwa pêda
Min lêre mey û yarê peyakem çi debê?
Desikewiteke her yekin be her dûk ȓêda



7

ئەو ڕۆژە خودا سانی گیانی ڕانا
دەیزانی بە کردەوەم خودایە و زانا
هەر خۆیەتی دایناوە هەڵە و سەرپێچیم
سووتانی جەهەندەمی لەبەرچی دانا !؟

Ew r̂oje xuda sanî giyanî r̂ana
Deyizanî be kirdewem xudaye û zana
Her xoyetî dayinawe heļe û seripêçîm
Sûtanî cehenidemî leberiçî dana !?



8

گۆیا لە جەهەندەمن ئەویندار و مەست
بەم واتە*یە پێکەنیم و گۆستی* خۆم گەست
جێی چەند کەری کوڵکنە ئەگەر وابێ بەهەشت
یان چۆڵ و بیابان و کپە* وەک لەپی دەست*

* واتە = وتە، قسە، واتەوات
* گۆست = قامک، پەنجە
* کپ = بێدەنگ، بێ هەست و خوست
* لەپی دەست = بەری دەست

Goya le cehenidemin evinidar û mesit
bem wateye pêkenîm û gositî xom gesit
Cêyî çenid kerî kuļikine eger wabê beheşit
Yan çol û biyaban û kipe wek lepî desit



9

بیرت دێ عەبای پێوە بوو جێ باری لمت *
ئەو بیری لە دەریای پڕ و پووچا نوقومت؟*
ڕیشت لە دواوە هاتە دەر بوو بە کلک
نینۆکی دەس و پێت خڕ و پڕ بوونە سمت *

* لم = لیم، زیخی زۆر ورد
* نوقوم = خنکاوە، ڕۆچووی ژێری شتێک
* سم = نینۆکی ئاژەڵی وەک بزن و مەڕ و گا و کەر

Bîrît dê āebay pêwe bû cê bari limit
Ew bîrî le deriyay pir û pûça nuqumit?
Rîşit le diwawe hate der bû be kilik
Nînokî des û pêt xir û pir bûne simit

عەبای = āebay   ع = ā



10

گێژی لە خەیاڵات و گلەیْ* بەختی ڕەشت !
ڕابوێرە هەتا بە جارێ نەبڕاوە بەشت
دەس بگرە بە بەندی سەر و پرچی جوانێک
تا هەڵنەوەشێنراوە هەموو بەندی لەشت

* گلە = گازندە، گلەیی

Gêjî le xeyaÎat û giley bexitî r̂eşit
R̂abiwêre heta be carê nebir̂awe beşit
Des bigire be benidî ser û piriçî ciwanêk
Ta heÎineweşênidirawe hemû benidî leşit



11

لەو کۆشک و سەرایە دا کە جەم* جامی گرت
ڕێوی ترەکیوە*، مامز* ئارامی گرت
بارام* کە هەموو ژیانی خۆی گۆڕی* دەگرت
دیتت بە چ جۆرێ گۆڕێ* بارامی گرت

* جەم = جەمشید، پادشای ئەفسانەیی شاهنامەی فیردەوسی
* جام = جامی جیهان بین، ساتالایتی خەیاڵی کە فیردەوسی بۆ جەمشیدی سازکردووە.
* ترەکین = ئاژەڵی وەک گورگ و سەگ و ڕیوی کە دەزێن، دەڵێن ترەکیون .
* مامز = ئاسک، کەژاڵ
* بارام = بارامی گۆڕ
* گۆڕ = کەرەکێوی
* گۆڕ = قەبر، گڵکۆ

Lew koşik û seraye da ke cem camî girit
R̂êwî tirekîwe, mamiz aramî girit
Baram ke hemû jiyanî xoy goȓî degirit
Dîtit be çi corê gorê baramî girit



12

ڕێم کەوتە گوڵستانەوە لای بولبولی مەست
بە چریکەیێ پێی گوتم گەلێ ڕاز و مەبەست
تا گوڵ نەوەریوە تا لەشت نەبووە بە گڵ*
وەک گوڵ بەدەمێ، دەم بە بزە و پیاڵە بە دەست

* گڵ = خۆڵ، خاک، ئاخ(کرمانجی)

R̂êm kewite guȊisitanewe lay bulibulî mesit
Be çirîkeyê pêyî gutim gelê ȓaz û mebesit
Ta guȊ newerîwe ta leşit nebuwe be giȊ
Wek guȊ bedemê, dem be bize û piyaȊe be desit



13

مەیگێڕ دەوەرە بە خێری چاوی کاڵت
دڵ تینووە جەرگم ڕەشە چەشنی خاڵت
وا تۆبە بە سەریەکا شکا وەک پرچت
بۆم تێکە مەیەک لە ڕەنگی کوڵمی ئاڵت

Meyigêȓ dewere bexêrî çawî kaȋit
Diȋ tîniwe cerigim ȓeşe çeşinî xaȋit
Wa tobe be ser yeka şika wek piriçit
Bo têke meyek le ȓenigî kuȋimî aȋit



14

ئەی شووشە بنازم بە دڵی خاوێنت
تاوم* بدەرێ بە ئاوی خەم تاوێنت
دەستم بەر دەدەم لە ئارەزووی دوور و درێژ
مەیگێر لەوەلا* دەستی من و داوێنت

* تاو = تین، تاقەت، توانایی ، هێز، وزە.

* لەوەلا = لەولا پاش، لەمەو بەدوا، هەتا دوایی

Ey şûşe binazim be diȋî xawênit
Tawim biderê be awî xem tawênit
Desitim ber deden le arezûy dûr û drêj
Meyigêȓ lewela desitî min û dawênit

15



هاتوومە جیهان چم بە چ کرد؟ تێگەی: هیچ

هەر بنج و بناوانی* جیهان دەرخەی: هیچ !

ڕوناکیدەرم، شەمم،کە فووم لێکەی: هیچ

نەینۆکی* دەسی جەمم* لە بەردم دەی: هیچ!

* بنج و بناوان = ڕەگەز، ڕیشە، سەرچاوە، ماک، بنەڕەت

* نەینۆک = ئاوێنە

* جەم = جەمشید، پادشای ئەفسانەیی شاهنامەی فیردەوسی

Hatûme cîhan çim be çi kirid? têgey: hîç

Her binic û binawanî cîhan derixey: hîç !

R̂ûnakîderim, şemim, ke fûm lêkey: hîç

Neyinokî desî cemim le beridim dey:hîç !

16



ئەو خوایە کە گەردوون و زەوی بەرپا کرد

ئەو ڕۆژە مەکوی* دەرد و خەمی پەیدا کرد

وەک ڕژد* و چنۆک* هەرچی بەنرخ و جوانە

هێنای بەپەلە و گورجێ دە خاکی ڕاکرد

* مەکۆ = جێگا، شوێن

* ڕژد = چرووک، دەست قوچاو

* چنۆک = چاونەزێر، چاوبرسی

Ew xiwaye ke geridûn û zewî beripa kirid

Ew r̂oje mekoy derid û xemî peyida kirid

Wek r̂ijid û çinok heriçî be nirix û ciwane

Hênay be pele û guricê dexakî r̂akirid



17

رۆژگارێ مرۆ* تیا ژیابوو ڕابرد

ئاوێ بوو بە جۆ* دا چووە، با بوو ڕابرد

هەرگیز مەڵی وابوو، واچوو. خۆش نایەتەوە

گەر تاڵ و زەبوون* ژیاوی چابوو* ڕابرد

* مرۆ = مرۆڤ، خەڵک، ئینسان
* جۆ = جۆگەلە، جۆگە، چۆمی بچووکی کەم ئاو
* زەبوون = کز، لاواز، بنێس، بێ ئەنوا
* چابوو = چاک بوو، باش بوو

Ȓojigarê miro teya jiyabû ȓabirid
Awê bû be co da çûe, ba bû ȓabirid
herigîz meȊê wabû, waçû. xoş nayetewe
Ger taȊ û zebûn jiyawî çabû ȓabirid



18

باش ڕێگە دەچووم یا خۆ گلابم : ڕابرد

گەر دوورە پەرێز بووم و تەبا بم : ڕابرد

ترسم هەیە بۆم بێتە ژمار ڕۆژی ژمار

ئەو ژینە کە بێ یار و شەرابم ڕابرد

* گلا = هەڵدێراو، خلۆر بۆوەوە
* دوورەپەرێز = خۆ لەخەڵک پارێز
* تەبا = گەرم و گور دەگەڵ خەڵک
* ڕۆژی ژمار = ڕۆژی زیندووبوونەوە و لێپرسینەوەی مسوڵمانان

Baş ȓêge deçûm ya xo gilabim:
Ger dûreperêz bûm û teba bim: ȓabirid
Tirisîm heye bom bête jimar ȓojî ȓabirid
Ew jîne ke bê yar û şerabim ȓabirid



19

لەش ناسک و لاوچاکی وەها هەن کچ و کوڕ
گوڵ دڕکە* بەرامبەری بکەی، بێکەسە دوڕ*
گەردوون کە بەدانستە دەیانکا وەک شێت
تێکیان هەڵ دەشێلێت و دەیانکاتەوە قوڕ

* دڕک = دڕوو
* دوڕ = مرواری
* بێکەسە دوڕ = مرواری بێ نرخە لە ئاستی

Leş nasik û lawiçakî weha hen kiç û kur̂
GuÎ dir̂ike beramiberî bikey, bêkese dûr̂
Geridûn ke be danisite deyanika wek şêt
Têkiyan heÎideşêlêt û deyanikatewe qur̂



20

ئەم گۆزە وەکوو من بووە: دڵدار و هەژار
جارێکی دڵی خۆش بووە سەد جار خەمبار
ئەو هەنگڵ* و دەسگرەی لە ملیا دیوتە
دەستێ بووە زۆر خراوەتە سەر ملی یار

* هەنگڵ = باسکی دیزەڵە و گۆزەڵە

Em goze wekû min buwe: dilidar û hejar
Carêkî dilî xoş buwe sedicar xemibar
Ew henigil û desigirey le miliya dîwite
Desitê buwe zor xirawete ser milî yar



21

پەندێکی منداڵەکەت بدە مامەی پیر
با بازی بە خاک و گڵ نەکا، ژیری بەبیر!
بێژنگی لە دەست دەرێنە! بەس دابێژێ
کەللەی سەری پاتشا و میر و وەزیر

Penidêkî minaÎeket bide mamey pîr
Ba bazî be xak neka, jîrî be bîr !
Bêjinigî le des derêne! bes dabêjê
Kelley serî patişa û mîr û wezîr



22

## چوارینەکانی خەییام

سەرخۆش بە بە مەی، لە سەر دەراوێژە کەسەر
ئەم کورتە ژیانە ڕێی خەمانی مەخە بەر
بەس گێژ و نەزان و هێڕ* بە، خۆ تۆ زێر نی
ژێرخاک بکرێی، دووبارە بت هێننەوە دەر

* هێڕ = گێژ، وڕ، کاس، نەزان

Serixoş be be mey, le ser derawêje keser
Em kurite jiyane r̂êyî xemanî mexe ber
Bes gêj û nezan û hêr̂ be, xo to zêr̂ nî
Jêr xak bikirêy, dûbare bit hênewe der

## چوارینەکانی خەییام



23

بەس گێژ بە لە ناوی پێنج* و شەش* و حەوت* و چوار*
مەی فڕکە*! دەتاوێیتەوە وەک بەفری پار
نەت زانی لە کوێوە هاتگی* ڕۆژی بەرێ
ناشزانی بەرەو کوێیە بەری پاشە هەوار

* پێنج، شەش، حەوت و چوار =
پێنج= پێنج هەستی مرۆڤ:بینین، بیستن، چەشتن،بۆنکردن، هەستیاری
شەش = شەش لایەنی: راست، چەپ، سەر، خوار، پێش و پشت
حەوت = حەوت ئاسمان
چوار = ئاو، ئاگر، خۆڵ ، با
* فڕکردن = هەڵ لووشین
* هاتگی = هاتووی

Bes gêj be le naw pînic û şeş û hewit û çiwar
Mey fiȓ ke! detawêyitewe wek befirî par
Netizanî le kiwêwe hatigî ȓojî berê
Naşizanî berew kiwêye berî paşe hewar

www.gagesh.com



24

تا کەنگێ خەریکی پێنج* و چواران* مەیگێڕ !
دڵخۆشی بدە بە کۆڕی یاران مەیگێڕ !
ژین کورتە ئەوەی نایەنێ خەم دابگرین
بۆم تێکە بە یادی چاوخوماران مەیگێڕ

* پێنج و چوار:
پێنج= پێنج هەستی مرۆڤ:بینین، بیستن، چەشتن،بۆنکردن، هەستیاری
چوار = ئاو، ئاگر، خۆڵ ، با

Ta kenigê xerîkî pênic û çiwaran meyigêȓ !
Dilîxoşî bide be koȓî yaran meyigêȓ !
Jîn kurite ewey nayenê xem dabigirîn
Bom têke be yadî çawixumaran meyigêȓ



25

خۆ لامەدە، دەی! بادەکە* با بێ مەیگێڕ
بەرماڵ و جبەت* گرەو لەلابێ مەیگێڕ
گوێ بگرە لە من : هەرچی مەلاو شێخ گوتیان
دە گوێی مەگرە، لات وەکوو با بێ مەیگێڕ

* بادەکە = بانگ بکە، قاو بکە
* جبە = جۆرە کەوایەکی پێش ئاواڵەی مەلایانە

Xo lamede, dey! badeke ba bê meyigêȓ
Berimaȋ û cibet girew le labê meyigêȓ
Giwê bigire le min: heriçî mela û şêx gutiyan
De giwêy megire, lat wekû ba bê meyigêȓ



26

جارێکی بە مەستی عەرەبێکی پێخواس
نەیزانی لە لۆکێ* هەمزە ڕاساوە* بە داس
مەی بۆیە حەرام کراوە، سا سەیری کەن
کورد بۆیە دەڵێ لە هەمزە چی داوە هەباس ؟!

* لۆک = نێرە وشتر
* ڕاسان = راپسکان، **هێرش بردن**

Carêkî be mesitî āerebêkî pêxiwas — عەرب = āereb — ع = ā
Neyizanî le lokî hemize ȓasawe be das
Mey boye ȟeram kirawe, sa seyirî ken
Kurd boye deȊê le hemize çî dawe hebas?!



27

بۆ گۆزەکڕین دەچوومە لای گۆزەکەرێک
سەد گۆزە بە من پێکەنی! هەر یەک لە بەرێک
ئێمەی وەکوو خۆت دەبەی! سبەینێ خۆشت
وەک ئێمە دەبی بە گۆزە، لای بێخەبەرێک

Bo gozekiřîn deçûme lay gozekerêk
Sed goze be min pêkenî! her yek le berêk
Êmey wekû xot debey! sibeyinê xoşit
Wek ême debî be goze, lay bêxeberêk



28

ڕابوێرە بە سەربەرزی بە نان و ئاوێک
سەر دامەنەوێنە بۆ هەموو ناپیاوێک
لەم ژینە کە هەر دەمێکە دێت و دەڕوا
مەردایەتی مەفرۆشە لە پێناو تاوێک

Řabiwêre be seriberizî be nan û awêk
Ser damenewêne bo hemû napiyawêk
Lem jîne ke her demêke dêt û deřiwa
Meridayetî mefiroşe le pênaw tawêk



29

ئای خۆزگە ببایە جێگە بۆ سانەوەیەک*
لەم ڕێگەیە دوورە، سوڕ و پێچ دانەوەیەک*
سەد خۆزگە لە پاش نەمان وەکوو سەوزە گیا
بکرایە لە گڵ هومێدی هەڵدانەوەیەک

* سانەوە = پشوودان، حەسانەوە، شەکەتی دەرکردن
* سووڕ و پێچدانەوە = چوون و گەڕانەوە، ڕۆیشتن و هاتنەوە، خولانەوە

Ay xozige bibaye cêge bo saneweyek
Lem r̂êgeye dûre, suȓ û pêçidaneweyek
Sedixozige le paş neman wekû sewize giya
Bikiraye le geȊ humêdî heȊidaneweyek



30

خەو بەسیە بەیانە هەستە چاوکاڵی شەپاڵ*
گفتێکی* شیرین بکە مەزەی بادەی تاڵ
کاروانی ژیان دەئاژوێ* ڕوو بە نەمان
هاکا* من و تۆش دەبینەوە خەون و خەیاڵ

* شەپاڵ = جوانچاک، شیرین،ژیکەڵانە، خوێن شیرین
* گفت = بەڵین، وادە، قەول و قەرار
* ئاژۆتن = لێخوڕینی ئەسپ و ترۆمبێل و ...
* هاکا = هەربینا، چی پێ ناچێت

Xew besiye beyane hesite çawikaȊî şepaȊ
Gifitêkî şîrîn bike mezey badey taȊ
Kariwanî jiyan de ajiwê r̂û be naman
Haka min û toş debînewe xewin û xeyaȊ



31

ئەم ژینە کە ڕادەبرێ، چ شیرین و چ تاڵ
تووش بی بە مەرگ ، چ دەربەدەر بی، چ لە ماڵ
بێ خەم بژی! خۆش بە! پاشی مەرگی من و تۆ
بێ پسانەوە دێن ڕۆژ و شەو و مانگ و ساڵ

Em jîne ke r̂adebirê, çi şîrîn û çi taĺ
Tûş bî be merig, çi deribeder bî, çi le maĺ
Bê xem bijî! xoş be! paşî merigî min û to
Bê pisanewe dên r̂oj û şew û manig û saĺ



32

بۆ بیری بەهەشت و ئاگرێ کەوتییە چاڵ
خۆشتر لە خەیاڵی شیرنە بادەی تاڵ
بەس ترس و هومێدی بێ نیشان و بەڵگە
پێشینە دەڵێن: کەس بە خەیاڵ نەبووە بە ماڵ

Bo bîrî beheşit û agirê kewitiye çaĺ
Xoşitir le xeyaĺî şîrine badey taĺ
Bes tiris û humêdî bê nîşan û beĺige
Pêşîne deĺên: kes be xeiyaĺ nebuwe be maĺ



33

کوا مەی؟ بڕەوەێ خەم و خەیاڵ و خەوەکەم
وا ڕوو بە مەرگ گلۆر* دەبێ ڕەوڕەوەکەم *
ئەو خشتی لە خاکی لەشی من دەیپێژن *
نێزیکە بچێتە چینی* خانووی نەوەکەم

* گلۆر بوونەوە = خزین، خلۆربوونەوە، جاڵەبوون
* رەوڕەوە = ئامرازێکی پێچکدارە لە تەختە سازدەکرێ و منداڵی پێ فێرە ڕۆیشتن دەکەن.
* پێژتن = برژاندن
* چین = لایەی دیوار

Kiwa mey? biȓewê xem û xeyaȊ û xewekem
Wa ȓû be merig gilor debê ȓewiȓewekem
Ew xişitî le xakî leşî min deyipêjin
Nêzîke biçête çînî xanûy newekem



34

ئەو ڕۆژە کە مردووم و لە دنیا نابم
ئەو کاتە کە لەش تۆز و گڵی بەر با بم
خاکم بکەنە گۆزەڵە، بۆ مەیخانە
تا مل پڕی مەی بکەن، لەوانەم ڕابم

Ew ȓoje ke mirdûm û le duniya nabim
Ew kate ke leş toz û giȊî ber ba bim
Xakim bikene gozeȊe, bo meyixane
Ta mil piȓî mey biken, lewanem ȓabim



35

گۆزێک لە دەسم شکابوو، ئەو گریا بۆم
خەم دات نەگرێ منیش یەکێکی وەک تۆم
زۆر جارێ منیش وەکوو تۆ گۆزەم دەشکاند
تۆش ڕۆژێ دەبی بە گۆزە دەشکێی وەک خۆم

Gozêk le desim şika bû, ew giriya bom
Xem dat negirê minîş yekêkî wek tom
Zor carê minîş wekû to gozem deşikanid
Toş r̂ojê debî be goze deşikêy wek xom



36

ئەم پیاڵە وتی کە هاتە سەر لێوانم
شا بووم و گەلێ وەک تۆ لە ژێر فەرمانم
لە خواردنەوەما دەفر* و پیاڵەم زێر بوون
وا ئێستە پیاڵەم و بە سەرخۆشانم !

* دەفر = پیاڵە، قاب و قاچاغ

Em piyal̂e witî ke hate ser lêwanim
Şa bûm û gelê wek to le jêr ferimanim
Le xiwaridinewema defir û piyal̂em zêr̂ bûn
Wa êsitê piyal̂em û be serixoşanim



37

مەیگێڕ وەرە مەی ئاڵ بدە با بینۆشم
شەشدانگی بەهەشت بە شووشەیەک دەفرۆشم
فەرمووتە: لە پاش مەرگ بەرەو کوێ دەمبەن ؟
سەرخۆش کە دەڕۆم کوێوە بچم دڵخۆشم

Meyigêȓ were berimaÎ û cibem defiroşim
Şeşidangî beheşit be şûşeyek defiroşim
Ferimûte: le peş merig berew kiwê demiben
Serixoş ke deȓom, kiwêwe biçim diÎîxoşim



38

ئاخ خۆزگە لە مردنا بە مەی شۆراوم
ژێر سێبەری مەیخانەیەکا نێژراوم
کێ ڕۆژی قیامەتێ منی دێتەوە بیر
هیچ بۆم نەگەڕێ، لە چۆمی مەی خنکاوم

Ax xozige le mirdina be mey şorawim
Jêr sêberî meyixaneyeka nêjirawim
Kê ȓojî qiyametê minî dêtewe bîr
Hîç bom negeȓê, le çomî mey xinikawim



39

مەیگێڕ بگە پێم! لە بێ مەیی مارووتم*
توورم* بدە کووپەوە لە دوریت سووتم
گۆڕم لە پەنا ڕەزان* بکۆڵن. ڕەزەوان*،
هەڵبەستی لە پەلک و داری مێو تابووتم

* مارووت = هاڕوت و ماڕوت، گۆیا دوو فریشتەی دیوەخانی خودا بوون، بەڵام بەهۆی هەڵەیەک خودا لێیان تووڕە دەبێ و حەفتا هەزار ساڵ ڕێگای ئاوخواردنەوەیان لێ دەبەستێت .
* تووڕدان = فڕێدان، حەوادان
* ڕەز = داری مێو، داری ترێ
* ڕەزەوان = باخەوانی باخی ترێ

Meigêȓ bige pêm ! le bê meyî maȓûtim
Tûȓim bide kûpewe le dûrît sûtim
Goȓim le pena ȓezan bikolin; ȓezewan
HeÎibesitê le pelik û darî mêw tabûtim



40

چاو جوان دە مەڕۆ تێری دڵم بت بینم
گوڵ چین*؟ کە لە سەر ڕوومەتی تۆ گوڵچینم*
داخم کە هەبێ لە گێژەڵووکەی* مەرگە
وەک پەلکە گوڵێ هەڵدەوەرێنێ ژینم

* گوڵ چین ؟ = گوڵ چییە لە ئاست جوانی تۆ دا؟
* گوڵچین = ئەو کەسەی گوڵ دەچنێت
* گێژەڵووکە = گەردەلوول

Çaw ciwan demeȓo têrî diÎim bitibînim
GûÎ çîn ? ke le ser ȓûmetî to guÎiçînim
Daxim ke hebê le gêjeÎûkey merige
Wek pelike guÎê heÎidewerênê jînim



41

دەم بینی کە خەمبار و کز و داماوم
وا بیر مەکەوە لە مەرگ و کەس ترساوم
مردن کە لە ڕێمە، هەر دەبێ ناترسم
ژاکاوی ئەوەم بە ئارەزوو نەژیاوم

Demibînî ke xemibar û kiz û damawim
Wa bîr mekewe le merig û kes tirisawim
Mirdin ke le r̂ême, her debê natirisim
Jakawî ewem be arezû nejiyawim



42

هەرچەندی بڵێی بە بەژن و باڵا جوانم
ڕوومەت گوڵ و چاوکەژاڵ و لێو قەیتانم
وەستایێ کە وای لە خاک و گڵ داڕژتم
نیازی لەمە چی بوو؟ بۆچی کرد؟ نایزانم

Heriçenidî biłêy be bejin û bała ciwanim
R̂ûmet guł û çaw kejał û lêw qeyitanim
Wesitayê ke way le xak û gił dar̂işitim
Niyazî leme çîbû?.. boçî kirid ?.. nayizanim



43

هات و چوو بە بێهوودە منالّی و جوانیم
پیر بووم و بەبێ داخەکەم و خۆزیا نیم
شاگردی زەمانە بووم و زۆریش چەوسام
وەستام* لە هەموو کار و لە هیچ وەستا* نیم

* وەستان = لە کار کەوتن، لە توانا کەوتن

* وەستا = شارەزا لە کار، مامۆستا، باش وەستا

Hat û çû be bêhûde minalî û ciwanîm
Pîr bûm û be bê daxekem û xoziya nîm
Şagiridî zemane bûm û zorîş çewisam
Wesitam le hemû kar û le hîç wesita nîm



44

بۆ هاتمە سەر زەوی و لەبەرچی چوونم ؟
بەهرەی چ بوو بۆ خودا نەبوون و بوونم؟
هاتووم و دەچم بێ وەی بزانم بۆچی؟!
پاش مردنەکەش دوورە دەراوی* ڕوونم

* دەراو = سەرچاوە، ئاسۆ، مەودا

Bo hatime ser zewî û leberiçî çûnim?
Behirey çi bû bo xuda nebûn û bûnim
Hatûm û deçim bêwey bizanim boçî ?!
Paş miridinekeş dûre derawî r̂ûnim



45

لەم بێ خەبەری خۆمە کەساس* و ماتم
بێهوودە دەبووڕێ* دەم و سات و کاتم
من ببم و نەبم جیهان وەکوو خۆی وایە
مەیگێڕ وەرە لێکی دەوە من بۆ هاتم ؟!

* کەساس = کز و پەرێشانحاڵ

* دەبووڕێ = تێدەپەڕێ، ڕادەبووڕێ

Lem bêxeberiy xome kesas û matim
Bêhûde debûrê dem û sat û katim
Min bibim û nebim cîhan wekû xoy waye
Meyigêȓ were lêkî dewe min bo hatim ?!



46

هاتن بە دەسی خۆم نەبوو، هێنایانم
دەرچوونە دەریش چۆن و کەیە؟ نازانم
سەدخۆزگە نەهاتبام، نەچووبام، نەببام
لەم گێرە وو کێشە دا ڕەحەت با گیانم

Hatin be desî xom nebû, hênayanim
Deriçûne derîş çon û keye? nazanim
Sedixozige nehatibam, neçûbam, nebibam
Lem gêre û kêşe da ȓehet ba giyanim



47

پاک هاتمە سەر زەوی و دەڕۆم، ناپاکم
خۆشیم کە نەدی هەمیشە بۆی خەمناکم
سوێراوی چەم* کلێ* دڵی نێڵ* داوم
ژیانیشە بە با دا چووە تۆزێ خاکم

* سوێراوی چەم = مەبەست فرمێسکی چاوە
* کڵ = گەرمترین جێگای کوورەی سوورکردنەوەی گۆزە و دیزە
* نێڵ دان = ئاگر لێ خۆشکردنی سۆپە و کوورە

Pak hatime ser zewî û deȓom, napakim
Xoşîm ke nedî hemîşe boy xeminakim
Siwêrawî çemim kiĺî dilî nêĺ dawim
Jiyanîşe be ba da çuwe tozê xakim



48

خوا داوی دەناوە داوی ئەو با نادەم*
دەعبایەکی گرت و ناوی لێنا ئادەم
ڕاوی ئەوە، داوی ئەوە، دانەش هی ئەو
دەمخاتە تەڵە و گەرەکیە خۆشم لادەم !

* داوی ئەو با نادەم = واتە من ناتوانم خۆم لە قەرەی قودرەتی خودا بدەم .

Xiwa dawî denawe, dawî ew banadem
Deābayekî girit û nawî lêna :Adem
Ȓawî ewe, dawî ewe, daneş hî ew
Demixate teĺe û gerekiye xoşim ladem !

دەعبا = Deāba    ع = ā



49

گیراوە قوڕم خرامە قالب، خشتم
بادروای یەکێ ترم کە خاوم، گشتم
چاتر لەوە بم کە هەم لە دەستم نایە
خوا ڕۆژی بەرێ* بەم کلە* چاوی ڕشتم

* ڕۆژی بەرێ = ڕۆژی پێشین، یەکەم ڕۆژی خولقانی مرۆڤ
* کل = کلە سوبحانی کە ژنان چاوی پێ ڕەش دەکەن

Gîrawe quȓim xirame qalib, xişitim
Badirawî yekêtirim ke xawim gişitim
Çatir lewe bim ke hem le desitim naye
Xiwa ȓojî berê bem kile çawî ȓişitim



50

دەسکاری خودایە خۆم و ئاکاریشم
بۆ هەرچی دەچم لە دەستی ئەو دا ڕیشم
هیچ کارێ بە دەس خۆم نییە هەرچی دەیکەم
ئەو پێمی دەکا، هێشتە گوناهباریشم

Desikarî xudaye xom û akarîşim
Bo heriçî deçim le desitî ew da ȓîşim
Hîç karê be des xom niye, hêriçî deyikem
Ew pêmî deka, hêşitê gunahibarîşim



51

بە خوێندنەوە کراوە فرچک* گیانم
زانستە مژیم* و بۆتە ئاو و نانم
حەفتا و دوو ساڵە بیر دەکەم، دەخوێنم
وا تازە دەزانم چ لە هیچ نازانم !!

* فرچک = گۆچ، بووژانەوەی بێچووی ئاژەڵ بە یەکەم شیری دایک
* مژی = ئەقڵ، ئاوەز، فام

Be xiwênidinewe kirawe firçik giyanim
Zanisite mijîm û bote aw û nanim
Hefita û dû saȊe bîr dekem , dexiwênim
Wa taze dezanim çi le hîç nazanim



52

زۆر کۆلکە مەلا* و شێخ هەیە ڕێ دەگرن لێم
لایان هەڵەیە لە ژینی خۆشم بدوێم
خزمینە! نەزانین چ بەڵاییێکی زلە
هاتوومە جیهان دەبێ نەزانم من کێم !

* کۆلکە مەلا = مەلای کەمزان و بێسەواد

Zor kolike mala û şêx heye r̂ê degirin lêm
Layan heȊeye le jînî xoşim bidiwêm
Xizimîne! nezanîn çi beȊayêkî zile
Hatûme cîhan debê nezanim min kêm!



53

ڕۆژ گەورەیە، چۆن بە تۆپە قوڕ وەیشێرم؟
زانام بە گەلێ نهێنی، خۆ دەبوێرم
زۆر پڕ لە گەواهێراتە دەریای بیرم
دەرخستن و شاندانی* بە کەس ناوێرم

* شاندان = نواندن، نیشاندان

Ȓoj gewireye, çon be tope quȓ weyişêrim
Zanam be gelê nihênî, xo debiwêrim
Zor piȓ le gewahêrate deriyaî bîrim
Derixisitin û şanidanî be kes nawêrim



54

سەرکۆنەکەران* دەڵێن کە: مەستی بادەم
من گوێچکە بەوان تەوس* و توانجان* نادەم
سەرخۆشم و مەیخانە پەرستم بۆچی؟
هەربۆیە کە خۆ لە خۆپەرستی لادەم

* سەرکۆنە = لۆمە ، خستنە ژێر پرسیار ، تانە
* تەوس = پلار، تێز، تانە، قسەی بە تێکوڵ
* توانج = تێز، تانە، سەرکۆنە

Serikonekeran deȽên ke: mesitî badem
Min giwêçike bewan tewis û tiwanican nadem
Serixoşim û meyixane perisitim boçî?
Heriboye ke xo le xoperisitî ladem



55

جارجاره پەنا بە مەی دەبەم، ناچارم
خەمبارم و پێم دەڵێن کە تاوانبارم
خۆزێ* وەکوو مەی درۆ و دزیش مەستی دەکرد
مەردێکم دەویست کە بیگوتا وشیارم

* خۆزێ = خۆزگە، بریا، شەڵڵا

Caricare pena be mey debem, naçarim
Xemibarim û pêm deÎên ke tawanibarim
Xozê wekû mey diro û dizîş mesitî dekird
Meridêkim dewîsit ke bîguta wişiyarim



56

چم داوە لە کفر و چم داوە لە دین؟ من ژیرم
مەیخانە وو مەیفرۆشە تەکیە و پیرم
مارەت چییە؟ پرسیم لە جیهان ، کەیفە گوتی
ڕووخۆشی؟.. هەواڵی تۆم و زوێری؟.. زویرم

Çim dawe le kifir û çim dawe le dîn? min jîrim
Meyixane û meyifiroşe tekiye û pîrim
Maret çiyîe? pirisîm le cîhan, keyife gutî
Ȓûxoşî?.. hewaÎî tom û ziwîrî?.. ziwîrim



57

با هەستم و چاوەمەست و مەییێکی جور کەم
بەس زەردی خەمان بم و بە مەی ڕووسوور کەم
لاوێچێ بە ڕووی هۆشی بزۆزم* دادەم
با تاوێ لە خەو ڕاچێ لە خۆمی دوور کەم

* بزۆز = نەسرەوت، بێ ئارام

Ba hesitim û çawimesit û meyêkî cur kem
Bes zeridî xeman bim û be mey r̂ûsûr kem
Lawêçê be r̂ûy hoşî bizozim dadem
Ba tawê le xew r̂açê le xomî dûr kem



58

چاومەستە دەهەستە بێرەلام خونچە گوڵم
ماچم دەیە، بمدوێنە، مەشکێنە دڵم
لەم دەفری مەیەت کاسەیەکم بۆ تێکە
تا نەبووە بە دەفر و کاسە وو گۆزە گڵم

Çawimesite dehesite bêre lam xuniçe gul̂im
Maçim deye, bimidiwêne, meşikêne dil̂im
Lem defirî meyet kaseyekim bo têke
Ta nebiwe be defir û kase û goze gil̂im



59

مەیگێڕ وەرە لام چ دەربەسی بەدناویم
پاراوکە دڵم، سیس و کزی بێ ئاویم
مەڕوانە کە پیرم، دەمێ سەرخۆشم کەی
پێم وایە شل و شەنگە نەمامی لاویم

* پاراو = تێرئاو

Meyigêr̂ were lam çi deribesî bedinawîm
Parawike dil̂im, sîs û kizî bê awîm
Mer̂iwane ke pîrim, demê serixoşimikey
Pêmiwaye şil û şenige namamî lawîm



60

ئەم جارە پەڵاسی* شەرم و دین پارە دەکەم
ئەم دەردی هەژاریەم بە مەی چارە دەکەم
سێ بەردە دەنێمە مستی بیری پیرم
کیژی ڕووسووری ترێ مارە دەکەم

* پەڵاس = کۆنە بەڕە، دەواری ڕەشماڵ، کۆنە کووتاڵ

Emicare pel̂asî şerim û dîn pare dekem
Em deridî hejariyem be mey çare dekem
Sê beride denême misitî bîrî pîrim
Kîjî r̂ûsûrî tirê mare dekem



61

هێشتا لە بەهەشتا دەگەڕا بابادەم*
لەو ڕۆژەوە من هۆگر و مەستی بادەم
ئەو تڵتە* کە پیری مەیفرۆش دەیڕێژێ
تۆزێکی بە زێڕ و گەنجی قارووڕن نادەم

* بابادەم = ئادەم، مەبەست یەکەم پێغەمبەرە کە پێی ناوەتە سەر زەوی
* تڵتە = پاشماوەی میوەی گوشراو، ترێی گوشراوی ئاو لێگیراو، پرووش

Hêşita le beheşita degeȓa babadem
Lew ȓojewe min hogir û mesitî badem
Ew tiÎite ke pîrî meyifiroş deyiȓêjê
Tozêkî be zêȓ û genicî qaȓûn nadem



62

مەیگێڕ وەرە بەرماڵ و جبەم* دەفرۆشم
ڕیشم لە گرەو دەنێم و شەی* دەفرۆشم
تەزبیحی دەسم کە داوی فێڵبازانە
هەرکەس دەیەوێ بە چۆڕێ مەی دەفرۆشم

* جبە = چەشنە کەوایەکی پێش ئاواڵەی مەلایانە
* شە = شانە، شانەی ڕیش داهێنان

Meyigêȓ were berimaÎ û cibem defiroşim
Ȓîşim le girew denêm û şey defiroşim
Tezibêĥî desim ke dawî fêÎibazane تەزبیحی =Tezibêĥî ح = ĥ
Her kes deyewê be çoȓê mey defiroşim



63

گیانی منه مەی کە بێ ئەوم بێ گیانم
ژانم لە دڵایە بادەیە دەرمانم
هەر ئەو دەمە لام خۆشە کە مەیگێڕ بێژێ
هەر دوو فڕێ* دی، بڵێم بەسە و ناتوانم

* فڕ = قوم، قورتم = دوو فڕ= دوو قوم، دوو قورتم

Giyanî mine mey ke bê ewim, bêgiyanim
Janim le diÎaye badeye derimanim
Her ew deme lam xoşe ke meyigêr̂ bêjê
Her dû fir̂î dî, biÎêm bese û natiwanim



64

مەی کووپەیەک و گۆشت و مەزە و نانی گەنم
جوانێ بەتەنێ لە چیمەنێ بێتە کنم*
ماچی دەمی مەینۆشی لە سەرخۆشی دا
وەبزانە کە مەزن و میری ئەوناوە منم

*کن = تەنیشت، لا .. وەرە کنم = وەرە تەنیشتم، وەرە لام

Mey kûpeyek û goşit û meze û nanî genim
Ciwanê betenê le çîmenê bête kinim
maçî demî meyinoşî le serixoşî da
Webizane ke mezin û mîrî ew nawe minim



65

مەیگێڕ بە دوو چاوە مەستەکانت مەستم
تۆم لابی، لە دوو جیهان بەچی دەربەستم
هاواری لە پیری دەستگیرە دەروێش
من پیرم و تۆم دەوێ کە بگری دەستم

Meyigêȓ be dû çawe mesitekanit mesitim
Tom labî, le dû cîhan be çî deribesitim
Hawarî le pîrî desitigîre deriwêş
Min pîrim û tom dewê ke bigirî desitim



66

مەڕوانە پەشێو و لێوبەبارم ، نە کەمم
بەرزم لە هەژاریا، چیای سەر بەتەمم
هەرکەس لە سەرێکەوە خوداپێداوە
من خاوەنی شەشدانگی کوڵ و دەرد و خەمم

Meȓiwane peşêw û lêw bebarim, ne kemim
Berizim le hejariya çiyay ser betemim
Her kes le serêkewe xuda pêdawe
Min xawenî şeşidanigî kuȴ û derid û xemim



67

مەیخانەپەرست نەبووم و تووشت کردم
بەو پیریە بەرەوپیری* ئەڤینت بردم
ڕووبینی کە لێڵاوە تکا، تۆبە شکا
دینداری کە ڕەنگاوی ڕیا* بوو شردم

* بەرەوپیر = دەبێ بەرەوپیل ڕاست تر بێ ؛ چونکە لە فەرهەنگی کۆنی کوردیدا کاتێک دوو دۆست بەرەو یەکتر دەهاتن، لە جیاتی سڵاو، پیلی یەکتریان ماچ دەکرد. بەرەوپیل هاتن و پیلی یەکتر ماچ کردن لە دێهاتەکانماندا هەر ماوە .

* ڕیا = دووڕوویی، دوو ڕواڵەتی

Meyixaneperisit nebûm û tûşit kiridim
Bew pîriye berew pîrî evînit biridîm
R̂ûbînî ke lêl̂awe tika, tobe şika
Dînidarî ke r̂enigawî r̂iya bû şiridim

چوارینەکانی خەییام



68

کاروانە ژیان ، گەرەک* بەلەز* بم، ڕاکەم
میوانی شەوی درێژی ئەم ژێرخاکەم
گیانم دەردەچوو، وتم وچانێک، فەرمووی:
دیواری لەشت شکستە چۆن بار ناکەم!

* گەرەک = پێویستە، ئەشی، لازمە
* لەز = خیرا، پەلە، زوو

Kariwane jiyan, gerek belez bim, r̂akem
Mîwanî şewî dirêjî em jêr xakem
Giyanim derideçû, witim wiçanêk, ferimûy:
Dîwarî leşit şikisite çon bar nakem !

www.gagesh.com



69

دڵداری چ یارە؟ فێرە سەودای کردم
بڕوانە لە چاوی سوور و ڕەنگی زەردم
نرخی بزەیەک بارە لە سەر لێوانم
پارسەنگە* دڵی گەرم و هەناسەی سەردم

* پارسەنگ = سڵاوی ترازوو

Dilîdarî çi yare? fêre sewiday kiridim
Biȓiwane le çawî sûr û ȓenigî zeridim
Nirixî bizeyek bare leser lêwanim
Parisenge dilî gerim û henasey seridim



70

کێ تا سبە دڵنیایە بۆ مان و نەمان
ئەی مانگە وەرە لە دڵ دەراوێژە خەمان
خۆش مانگەشەوە، هەلێ* مەیە* و مەێ* بێنە
تا تیشکی نەداوە مانگ لە گۆڕخانەکەمان

* هەل = نۆرە، کەشە، چەل
* مەیە = هی ئێمەیە .. هەلی مەیە = نۆرەی مەیە
* مەی = شەراب

Kê ta sibe dilîniyaye bo man û neman
Ey manige were le dilî derawêje xeman
Xoş manigeşewe, helî meye û mey bêne
Ta tîşikî nedawe manig le goȓixanekeman

## 71



دڵتەنگی هەبێ، دەبێ بە مەی ژەنگی بەرین
بۆ بیری نەهات و هات چما* خەم لەبەرین ؟!
سۆزێ* کە مەرگ تەپڵی نەمانی لێدا
ئەمن و تۆ دەگەڵ با بەدمێ هاوسەفەرین

* چما = بۆچی ، سەبەب چییە ؟
* سۆزی = سبەی، بەیانی، سبەینێ

Diľitenidî hebê, debê be mey jenigî berîn
Bo bîrî nehat û hat çima xem leberîn?!
Sozî ke merig tepiľî nemanî lêda
Emin û to degeľ ba bedemê hawiseferîn

## 72



لە نوێنێ* گڵا* پەکوێ*... کە نوستوو زۆرن !
بەربیر و خەیاڵ کەمن، لەبیرچوو زۆرن !
هەرچەندی کە دەڕوانمە بیابانی نەبوون
سەد هێندی ئەوانی چوون، نەهاتوو زۆرن

* نوێن = پێخەف، جێگاوبان
* گڵا = گڵ دا
* پەکوو = ئامرازی نیشاندانی پەژارەیە: پەکوو لەم کارەساتە دڵتەزێنە !

Le niwênî giľa pekû... ke nusitû zorin !
Ber bîr û xeyaľ kemin, lebîriçû zorin !
Heriçenidî ke deřiwanime biyabanî nebûn
Sed hênidî ewanî çûn, nehatû zorin



73

داخم گەلێ یار و خۆشەویستان مردوون
لەش خاکی نێوان کۆمەڵێ دار و پەردوون
چەشتمان لە مەیەک هەموو لەناو کۆڕی ژیان
پێش ئێمە بە دوو سێ پشوو مەستی کردوون

Daxim gelê yar û xoşewîsitan mirdûn
Leş xakî nêwan komeĺê dar û peridûn
Çeşitiman le meyek hemû le naw korî jiyan
Pêş ême be dû sê pişû mesitî kiridûn



74

گۆڕخانەنشینان کە لەبن سەرپۆشن
خۆڕایی نییە وەها کپ و خامۆشن
ئەی خوایە لە کام بادیە دەرخواردت دان
بێهۆشن و بۆ هەتاهەتا سەرخۆشن

Goȓixanenişînan ke le bin seripoşin
Xoȓayî niye weha kip û xamoşin
Ey xiwaye le kam badeye derixiwaridit dan
Bêhoşin û bo hetaheta serixoşin



75

داخم ئەوی دێر* هات و ئەوی کەوناران*
هاوباوەشی مەرگن و لە دنیا تاران*
کەس نایەتەوە بەرەو ژیان لێی پرسم:
لە کوێیە بنە و باری* هەواری یاران؟

* دێر = درەنگ
* کەونار = کۆن و قەدیمە
* تاران = تۆران، زویربوون
* بنەو بار = بار و بنە، شتومەکی پێویستی هەوارچییان لە ڕەشماڵ دا

Daxim ewî dêr hat û ewî kewinaran
Hawibaweşî merigin û le duniya taran
Kes nayetewe berew jiyan lêy pirisim:
Le kiwêye bine û barî hewarî yaran?



76

گۆرهەڵکەنی من لە هیچ و پووچ دڵخۆشن
خشتی گڵی کۆنەمردووان دەفرۆشن
ڕۆژیش دێ گڵی من و ئەوان بکرێ بە خشت
تا گۆڕی هەژارێ تری پێ داپۆشن

GoȓiheȊikenî min le hîç û pûç diȊixoşin
Xişitî giȊî konemiriduwan defiroşin
Ȓojîş dê giȊî min û ewan bikirê be xişit
Ta goȓî hejarêtirî pêdapoşin



77

هۆ مامی هەوڕگەر*! بەسە هەڵکەی دامان
ئەو خەڵکە بە تۆ پێدەکەنن ، تێت ڕامان
هەر لاشی هەژارە و سەری شا و خونکارە
سووڕی دەدەی و دەیکەیە دەفر* و ئامان *

* هەوڕگەر = ئەو کەسەی کاسە و گۆزە و دیزە ساز دەکا
* دەفر = دیزە و گۆزە و پیاڵە و قاپ و قاچاخ
* ئامان = لەنگەری و پیاڵە و قاپ و قاچاخ

Ho mamî hewiȓger! bese heȊikey daman
Ew xeȊike be to pêdekenin, têt ȓaman
Her laşî hejare û serî şa û xunikare
Sûȓî dedey û deyikeye defir û aman



78

پێکنایە هەتاسەر لە جیهانا گیر بوون
زۆر شێتییە بێ بادە بژیم سیس و زەبوون
دەس بەردە لە کۆن و تازە و ترس و هومێد
دنیا، کە نەمام، تازەیە یان کۆنە، بە توون *

* توون = گەرمترین جێگای ئاورگە و سۆپە و جەهەندەم

Pêkinaye hetaser le cîhana gîr bûn
Zor şêtiye bê bade bijîm sîs û zebûn
Des beride le kon û taze û tiris û humêd
Duniya, ke nemam, tazeye yan kone, be tûn



79

زۆری وەکوو مەیٚ* قەزا و قەدەر چاند و دروون
بێهوودە چ داگرم خەمی بوون و نەبوون ؟
پیاڵێکی پڕم لە بادە بۆ تێکە وەخۆم
هەرچی دەبوو بێ و ببێ، هەموو هاتن وبوون

* مەی = ئێمەی

Zorî wekû mey qeza û qeder çanid û dirûn
Bêhûde çi dagirim xemî bûn û nebûn?
Piyalêkî pîȓim le bade bo têke wexom
Heriçî debû bê û bibê, hemû hatin û bûn



80

هەڵسە* بەسە پیشخواردن* و مل کز کردن
مەی تێکە بخۆین لەباتی خەم بۆ مردن
ئاکاری جیهان ئەگەر وەفای تێدا با
نۆرەت نەدەهات لەوانی زوو ڕابردن

* هەڵسە = ڕابە، هەستە
* پیشخواردن = خۆخواردنەوە ، خۆ لە خۆ دا زیندانی کردن

Heľise bese pîşixiwaridin û mil kiz kiridin
Mey têke bixoyin lebatî xem bo miridin
Akarî cîhan eger wefay têdaba
Noret nedehat lewanî zû ȓabiridin



81

چکراوە بەرێ؟ نە تۆ هەڵی دێنی* نە من
لەو بارەوە بە ڕاست نە تۆی کە دەخوێنی نە من
چی بۆی دەگەڕێین لە پشتی پەردێکەوەیە
گەر پەردە نەما نە تۆی کە دەخوێنی نە من

* هەڵێنان = وڵامدانەوەی پرسیار، هەڵدان و دۆزینەوە

Çi kirawe berê? ne to heĺî dênî ne min
Lew barewe be ȓasit ne toy ke dexiwênî ne min
Çî boy degeȓêyin le pişitî peridêkeweye
Ger peride nema ne toy ke dexiwênî ne min



82

ئەستێرە هەمووی ئەگەر درشت و وردن
ئاوان* و دەڕۆن و دێنەوە و لێک گردن
لەبڕانەوە نایە هاتووچۆی چوون و بوون
تا خوا هەیە هەر دەمێنێ زان و مردن

* ئاوان = ڕۆچوون و ونبوونی ئەستێرە و مانگ لە بار چاوان

Esitêre hemûy eger dirişit û wiridin
Awan û deȓon û dênewe û lêk giridin
Le biranewe naye hatûçoy çûn û bûn
Ta xiwa heye her demênê zan û miridin



83

ئەستێرە و مانگ و ڕۆژ لە ئاسمانانن
هۆی گێچەڵ* و مشت و مڕی زانایانن
چین و چدەکەن؟ کوێوە دەچن؟ چۆن هاتن؟
خۆشیان وەکوو من نەزان و سەرگەردانن

* گێچەڵ = فێڵبازی، چاوبەستن، تەڵەکە

Esitêre û manig û r̂oj le asimananin
Hoy gêçel̂ û mişit û mir̂î zanayananin
Çîn û çideken? kiwêwe deçin? çon hatin?
Xoşiyan wekû min nezan û serigeridanin



84

شادی لەمەڕایە* پنجی خەم خۆمانین
هۆی زۆر و کەمی ڕەوا* و ستەم خۆمانین
ڕاستی و بەزەیی و بەرز و نزم بوون ئێمەین
قاشوولکە* شکاو و جامی جەم خۆمانین

* لەمە ڕایە = لە ئێمەوەیە، خەتا لە ئێمەوەیە
* ڕەوا = شتی یاسایی و قانوونی و ڕێزدار
* قاشوولکە = وردە چینی و شیشۆقەی شکاو

Şadî lemer̂aye pinicî xem xomanîn
Hoy zor û kemî r̂ewa û sitem xomanîn
R̂asitî û bezeyî û beriz û nizim bûn êweyin
Qaşûlike şikaw û camî cem xomanîn



85

بەهرەی چ وەدەست کەوت لە بوونمان گەردوون؟

قازانجی چ دێتە ڕێ لەوانەی مردوون ؟

هیچ کەس نییە لەم گێژە* دەرمخا و بێژێ

بۆ بوون و ژیان و مان و بۆ مردن و چوون؟

* گێژ = تەنگژە، گێژاو، سەرلێشێواوی، ئاڵۆزکاوی

Behirey çi wedesit kewit le bûniman geridûn?

Qazanicî çi dête r̂ê lewaney miridûn?

Hîçikes niye lem gêje derimixa û bêjê

Bo bûn û jiyan û man û bo miridin û çûn?



86

پیاوانێ بەژیری و هونەران دڵخۆشن

تامەزرۆ* بە ماست ودۆشن و نێردۆشن

واباشە ئەگەر دەکرێ نەزان و گێل بن

کەس گێزەر و تووریش بە هونەر نافرۆشن

* تامەزرۆ = ئارەزوومەند، خوازیار

piyawanê be jîrî û hunaran dilixoşin

Tameziro be nasit û doşin û nêridoşin

Wabaşe eger dekirê nezan û gêl bin

Kes gêzer û tûrîş be huner nafiroşin



87

مانگی ڕەمەزان نزیک و پێمان ئێژن
مەی هەرچی هەیە بڕێژن و مەیچێژن
من هێندە دەخۆمەوە لە کلکەی شابان*
مەست و کەلەلا بۆی دەکەوم تا جێژن

* شابان = مانگی شەعبان

Manigî r̂emezan nizîke û pêman êjin
Mey heriçî heye bir̂êjin û meyiçêjin
Min hênde dexomewe le kilikey şaban
Mesit û kelela boy dekewim ta cêjin



88

گەردون لە سەری دایە خەیاڵێ بۆمان
هەروا دەگەڕێ بکۆڵێ چاڵی بۆمان
ئاڵە و شەوە* ببیا، چ دەکا با بیکا
مەیگێر شەوی خۆشە تێکە ئاڵی بۆمان

* ئاڵە و شەوە = دوو جندۆکەی خەیاڵین کە دێنە سەر جەستەی ژنی زەیستان و دەست لە دایک و منداڵی ساوا دەوەشێنن و دەڕۆن.

Geridûn le serî daye xeyaÎê boman
heriwa degeȓê bikolê çalê boman
AÎe û şewe bîba, çi deka ba bîka
Meyigêȓ şewî xoşe têke aÎê boman



89

خوا دەردی کە داناوە دەواشی دانان
مەیخانە بەرامبەرن بە دەروێش دانان*
گەر بادە نەبایە لەم جیهانەی پڕخەم
تاوێک نەدەمان ئەوانی زانا و دانان

* دەروێش دان = دەروێشدان = شوێنی کۆبوونەوەی دەروێش بۆ جەزم بوون و پرچ ڕاوەشاندن و حەی و حوو کردن ـ تەکییە.

Xiwa deridî ke danawe dewaşî danan
Meyixane beramiberin be deriwêşidanan
Ger bade nebaye lem cîhaney pir̂ xem
Tawêk nedeman ewanî zana û danan



90

زۆر کەس هەیە هەر دەوێژن* و نایپێژن*
ئەو، ئێمە بە گێژ دەزانن و خۆیان گێژن
گۆیا ئەوی کووپە مەی دەکا بێدینە
بۆ ئەو کەسی کوولەکەی دەکا، چی ئێژن؟!

* دەوێژن = دەیڵێن، دەیبێژن ، لە سەری دەڕۆن.
* نایپێژن = بیری لێناکەنەوە، بە خاوێنی دەری نابڕن.

Zor kes heye her dewêjin û nayipêjin
Ew, ême be gêj dezanin û xoyan gêjin
Goya ewî kûpe mey deka, bêdîne
Bo ew kesî kûlekey deka, çî êjin?!



91

هێندێک بە خەیاڵ لە دین و ئایین ژیرن
لایەک بە گومان لە بێ گومانی گیرن
سەیری دەبێ تێبگەن کە هیچ تێنەگەیین
کەمتر کە سەری پیاز و پەلکی سیرن !

Hênidêk be xeyaÎ le dîn û ayîn jîrin
Layek be guman le bê gumanî gîrin
Seyirî debê têbigen  ke hîç tênegeyîn
Kemitir le serî piyaz û pelikî sîrin !



92

دەنگبێژ و کچێک و گۆشەیەک پەیدا کەین
خۆشی سەر و دڵ لە ماچ و مەی داوا کەین
نە هومێدی بەزەی کەس و نە ترسی دوارۆژ
با خاکێ بە با و ئاوێ بە ئاگر داکەین

Denigibêj  û kiçêk û goşeyek peyida keyin
Xoşî ser û diÎ le maç   û  mey dawa keyin
Ne humêdî bezey kes û ne tirisî diwa r̂oj
Ba xakê be ba û awê be agir dakeyin



93

خۆزگەم بە کەسێ نیشان و ناوێکی نەبوو
لە شوێن پڕ و پووچ خەیاڵی خاوێکی نەبوو
نەک وەک من و تۆ کوندەبەبوو ئاسایی
چاوی لە قەڵایەک بوو، کەلاوێکی نەبوو

Xozigem be kesê nîşan û nawêkî nebû
Le şiwên piȓ û pûç xayaȊî xawêkî nebû
Nek wek min û to kunidebebû asayî
Çawî le qeȊayek bû, kelawêkî nebû



94

گەنجت دەوێ ، ڕەنجی دەوێ، وا هات ، واچوو
کێ گوڵ دەچنێ دڕکیٚ* لە دەستی ڕاچوو
تا شانە نەبوو لەت لەت و جەرگی پارە
کەی دەستی بە کاکۆڵی جوانێک داچوو ؟

* دڕک = چقڵ، دڕوو

Genicit dewê, ȓenicî dewê, wahat ,wa çû
Kê guȊ deçinê diȓikî le desitî ȓaçû
Ta şane nebû letilet û cerigî pare
Key desitî be kakoȊî ciwanêk daçû ?



95

دەروێشیەکەمان کیسەیەکی بێ بن بوو
مەیگێری جوان ڕێبەر و پیری من بوو
پێموایە لە مەیخانە دەبێ وەی بینم
ئەو ژینی لە سووچی فێرگە دا لێم ون بوو

Deriwêşiyekeman kîseyekî bê bin bû
Meyigêȓî ciwan ȓêber û pîrî min bû
Pêmiwaye le meyixane debê weyibînim
Ew jînî le sûçî fêrige da lêm win bû



96

هۆزان* و بلیمە*تان و بیر ڕوون و پتەو
بۆ بوون و دەچن؟ کەس نە ئەمی زانی نە ئەو
تاریکە شەوێک گەڕان بەبێ ڕێ و، گێژ بوون
ئەفسانەیەکیان دەهۆنی، چاویان چووە خەو

* هۆزان = زانا، هونەرمەند، هونەرکار
* بلیمەت = هەڵکەوتە، زۆرزان، بیرمەند

Hozan û bilîmetan û bîr ȓûn û pitew
Bo bûn û deçin? kes ne emî zanî ne ew
Tarîke şewêk geȓan be bê ȓê û, gêj bûn
Efisaneyekiyan dehonî, çawiyan çuwe xew



97

گەردوون کە گەڕا دژی نیازی من و تۆ
ئاسمان بەمە چی هەشت و حەوت بن یا نۆ ؟
بمرم، لەشەکەم ، بەمن چی هەرچی دەیخوا !
مێروولە لە گڵکۆ بێ، چ گورگی کەژ و کۆ *

کەژ و کۆ = کەژ و کێو ، شاخ و کێو

Geridûn ke geȓa dijî niyazî min û to
Asiman be me çî, heşit û hewit bin ya no?
Bimirm, leşekem, be min çî heriçî deyixiwa !
Mêrûle le giĺiko bê, çi gurigî kej û ko



98

پرسی لە مراوی ماسییەکی لابرژاو
کوا تازە بڵێی بە جۆگە دا بێتەوە ئاو؟
پێی وت بەمەچی! کە ئێمە مردین، دنیا
دەریا بێ، تراویلکە بێ، یان هەور و ساو

Pirisî le mirawî masiyekî labirijaw
Kiwa taze biĺêy be coge da bêtewe aw?
Pêyî wit beme çî! ke ême miridîn, duniya
Deriya bê, tirawîlike bê, yan hewir û saw



99

وا مانگە وەسەر کەوت لە سووچی ئاسۆ
مەی تێکە بخۆینەوە ، شەوێکە و ئەمشۆ
دەس باوێ ملم، مەترسە مانگ ئاوا بێ
زۆر دێتەوە سەر بدا لە گڵکۆی من و تۆ

Wa manige weser kewit le sûçî aso
Mey têke bixoyinewe, şewêke û emişo
Des bawê milim, metirise manig awa bê
Zor dêtewe ser bida le giȊikoy min û to



100

هەر خۆڵی کە دیت، چ زۆر، چ تۆزکاڵێ بوو
کێل گەردەن و کوڵمەسوور و چاوکاڵێ بوو
شەرمێ بکە تۆزی دەتەکێنی بەرگت
ئەو تۆزە گڵی ڕوومەتی لێو ئاڵێ بوو

Her xoȊê ke dît, çi zor, çi tozikaȊê bû
Kêl gerden û kuȊimesûr û çawikaȊê bû
Şerimê bike tozî detekênî berigit
Ew toze giȊî ȓûmetî lêw aȊê bû



101

هەرپنجە گوڵێکی سوور لە گوڵزارێ بوو
ئەو سوورییە خوێنی دڵی دڵدارێ بوو
هەر پەلکە وەنەوشەیەک لە هەردێ* دەردێ*
خاڵێکە لە سەر ڕوومەتی دڵدارێک بوو

* هەرد = زەوی، خاک، سەرزەمین
* دەرهاتن = ڕوان، شین بوون،سەوز بوون

Her pnice guĺêkî sûr le guĺizarê bû
Ew sûriye xiwênî diĺî diĺidarê bû
Her pelike wenewişeyek le heridê deridê
Xaĺêke le ser ȓûmetî diĺidarêk bû



102

شەو فێنک و دەر سەوز و وها مانگەشەوێ
با بخۆینەوە کوا هەلێکی دی هەڵدەکەوێ
مانگ هەر دێ، بەهار دێتەوە، تەنیا ئێمەین
دەمرین و دەبینەوە گیا وو گوڵ لێر و لەوێ

Şew fênik û der sewiz û weha manigeşewê
Ba bixoyinewe kiwa helêkî dî heĺidekewê
Manig her dê, behar dêtewe, teniya êmeyn
Demirîn û debîne giya û guĺ lêr û lewê



103

تا هەڵ* هەیە دڵخۆش بە، ژیان ڕادەبرێ
لەم خانوە ڕەشەی لەشت گیان دەردەکرێ
ئەم کاسە سەرانەی کە دەبینی سۆزی*
ژێر قاچ و قوڵی* کاسەکەران* ڕادەخرێ

* هەل = دەرفەت، کات، وەخت، ماوە زەمان
* سۆزی = سبەینێ، بەیانی
* قاچ و قول = پێ و پل
* کاسەکەران = ئەو کەسانەی کاسە و گۆزە و پیاڵە ساز دەکەن

Ta hel heye diÎixoş be, jiyan r̂adebirê
Lem xaniwe r̂eşey leşit giyan deridekirê
Em kase seraney ke debînî, sozî
Jêr qaç û qulî kasekeran r̂adexirê



104

هەر شەو بوو لە مەیخانە دەهات ئاوازێ
خۆشی لە کەسێک لە ئێمە مەی دەخوازێ
بۆ مات و کزی؟.. گەلێکی وەک تۆ گەردوون
کردوونی بە تۆز و خۆڵی سەر ڕێبازێ

Her şew bû le meyixane dehat awazê
Xoşî le kesêk le ême mey dexiwazê
Bo mat û kizî?.. gelêkî wek to geridûn
Kiridûnî be toz û xoÎî ser r̂êbazê



105

چاو جوان نە دەمی خەوە، دە هەڵبێنە* سەرێ
مەی تێکە لە کووپە چەند قومێکم بدەرێ
هاکا* قوڕی خاکی من و تۆش هەڵشێلن
بکرێتەوە کووپە مەی لە کن* گۆزەکەرێ

* دە هەڵبێنە = دەسا هەڵێنە
* هاکا = هەر بینا، چی پێ ناچێ
* لە کن = لە لای

Çawiciwan ne demî xewe, de heĺibêne serê !
Mey têke le kûpe, çenid qumêkim biderê
Haka quȓî xakî min û toş heĺişêlin
Bikirêtewe kûpe le kin gozegerê



106

پڕژاندی هەور لە دەشت و دەر بارانی
بێ مەی بی دەمێ تامی ژیان نازانی
وا ئێمە لە سەیری سەوزەزارین داخۆ
سەوزەی گڵی ئێمە کێ بکا سەیرانی؟!

Pirĵanidî hewir le deşit û der baranî
Bê mey bî demêk tamî jiyan nazanî
Wa ême le seyirî sewizezarîn daxo
Sewizey giĺî ême kê bika seyiranî?!



107

تای ماشەرێ* ژین بەبێ وچان هەڵدەکرێ
زانا ئەوەیە: خۆش دەژی بێ خەم دەمرێ
مەیگێر خەمی چیتە بۆ سبەی قیامەت
بۆم تێکە هەتا دەرفەتە: شەو ڕادەبرێ

* ماشەر = کەلافە بەنێکە جۆلا لە نێوان دوو ئەژنۆکانی دا هەڵی دەکا

Tay maşerî jîn bebê wiçan heÎidekirê
Zana eweye: xoş dejî bê xem demirê
Meyigêr̂ xemî çîte bo sibey qiyamet
Bom têke heta derifete: şew r̂adebirê



108

لاوێچێ* لە مەی سەد دڵ و سەد دین دێنێ
زانا ئەوەیە: دڵخۆش دەژی بێ خەم دەمرێ
مەیگێڕ خەمی چیتە بۆ سبەینەی قیامەت
بۆم تێکە هەتا دەرفەتە*: شەو ڕادەبرێ

* لاوێچ = بڕی هەر دوو لەپی دەست. پڕی هەر دوو لەپی دەست
* دەرفەت = مۆڵەت، ماوە

Lawêçê le mey sed diÎ û sed dîn dênê
zana eweye: diÎixoş dejî bêxem demirê
Meyigêr̂ xemî çîte bo sibeyiney qiyamet
Bom têke heta derifete: şew r̂adebirê



**109**

دڵخۆشی دەدا مەی و دڵی خەم دەبڕێ
فرمێسکی ڕەزانە، ئەشکی خەمبار دەسڕێ
زۆر سەیرە لەلام کەسێکی مەی دەفرۆشێ
چی چاتری پێ دەکڕی؟ مەگەر مەی بکڕێ !

Diĺxoşî deda mey û diĺî xem debȓê
Firmêskî ȓezane, eşkî xembar desȓê
Zor seyre le lam kesêkî mey defiroşê
Çî çatirî pê dekiȓê? meger mey bikiȓê



**110**

گیا شینی بەهاران هەڕەتی* خونچە وەبێ*
لات وایە بەهەشت ئەگەر هەبێ وەک ئەو بێ
مەیگێر وەرە تا بەهەشتی دنیا ماوە
هەشتێکی لە مشتە* بێنە نەک نۆبە نەبێ*

* هەڕەت = جەنگە، کات، دەم، وەخت
* خونچە وەبێ = خونچە دەمی بکرێتەوە
* هەشتکی لە مشتە= ئەو هەشتەی لە مشت و مستت دایە بیهێنە
* نەک نۆبە نەبێ = نەوەک لە دوایە نۆبەت نەبێ

Giya şînî beharan heȓetî xuniçewe bê
Latiwaye beheşit eger hebê wek ew bê
Meyigêȓ were ta beheşitî duniya mawe
Heşitêkî le mişite bêne. nek no bê nebê



111

زانا لە جیهان کەسێکە خەم دانەگرێ
دڵتەڕ بژی، وشکی لە دڵا ڕانەگرێ
تا سواڵەتیٚ* ژین بە بەردی مردن دەشکێ
دەستی لە ملی شووشە وو یار لانەگرێ

* سواڵەت = کاسە و گۆزە و دیزەی لە قوڕ ساز کراو، سواڵەتیان پێ دەبێژن

Zana le cihan kesêke xem danegirê
Diliteȓ bijî, wişikî le diĺa ȓanegirê
Ta siwaĺetî jîn be beridî miridin deşikê
Desitî le milî şûşe û yar lanegirê



112

چۆن تۆبە لەمەی دەکەی هەتا مەی مابێ ؟!
ئەو ڕۆژە مەخۆرەوە کە پەیدا نابێ
نەخوازە* بەهار و چیمەن و دیمەنی گوڵ
تۆبەی چی؟.. هەزار تۆبە لە تۆبەی وا بێ

* نەخوازە = نەمازە

Çon tobe le mey dekey heta mey mabê ?!
Ew ȓoje mexorewe ke peyida nabê
Nexiwaze behar û çîmen û dîmenî guĺ
Tobey çî ?.. hezar tobe le tobey wa bê



113

بۆ ژانی دڵان هەر مەیە دەرمانی بێ
زانا ئەوەیە تامی لە مەی زانیبێ
ئەو کۆنە پەڕۆی لێوی لە مەی پێ دەسڕن
بەرماڵی هەزار سۆفی بە قوربانی بێ

Bo janî diĺan her meye derimanî bê
Zana eweye tamî le mey zanîbê
Ew kone peȓoy lêwî le mey pê desiȓin
Berimaĺî hezar sofî be quribanî bê



114

کاتێ لە زەوی وەنەوشە سەر دەر دێنێ
سروە دەمی خونچە ماچ بکا و ڕایژێنێ
چەند خۆشە لە گەڵ خونچە دەمێ ڕایبوێری
تۆ تۆبەشکێن و ئەو دڵت نەشکێنی

Katê le zewî wenewişe ser deridênê
Siriwe demî xuniçe maç bika û ȓayijênê
Çenidixoşe le geĺ xuniçe demê ȓayibiwêrî
To tobe şikên û ew diĺit neşikênê



115

ئەو جوانە کە خۆم دەڵێم بە تەنیا جارێ
باوەش بە یەکا بکەین لە دەم ڕووبارێ
چیمەن گوڵ و سەوزەپۆش و ئێمەش سەرخۆش
پێموابێ بەهەشت وایە؛ بەڵام لێ بارێ

Ew ciwane ke xom deĺêm be teniya carê
Baweş be yeka bikeyn le dem r̂ûbarê
Çîmen guĺ û sewizepoş û êmeş serixoş
Pêmiwabê beheşit waye; beĺam lêbarê



116

بۆم بانکەنە* مەیگێڕەکە: با مەی بێنێ
پیری چلەکێش* بادیە خۆی بنوێنێ
سەرخۆشی بناڵێنێ لە نیوەی شەو دا
سەد نوێژی ڕیابازێ* مڕ و مۆچ* دێنێ

* بۆم بان کەنە = بۆن بانگ کەنە.. بۆم قاو بکەن
* پیری چلەکێش = شێخ بۆ گەیشتن بە پلەی شێخایەتی،
دەبێ چل شەو هەتا ڕۆژ خەو لە خۆی حەرام بکات و بەردەوام خەریکی ورتە ورت بێ
* ڕیاباز = ڕیاکار = ماستاوساردکەر، شان تەکێن، کیسەکێش
* مڕ و مۆچ = ڕووگرژی نێوچاوان تاڵی بەدگووزی بەدگۆشتی ڕەزاتاڵ

Bom banikene meyigêr̂eke : ba mey bênê
Pîrî çilekêş badeye xoy biniwênê
Serixoşê binaĺênê le nîwey şew da
Sed niwêjî r̂iyabazê mir̂ û moç dênê



117

شێخێ بە ژنی خراپی گوت: بێ شەرمی
بۆ هەرچی دَەسِت بۆ بەرێ ساز و نەرمی؟
پێی گوت : بەڵێ من وەکوو دیارم هەر وام
تۆش داخۆ وکوو نیشان دەدەی دڵگەرمی؟

Şêxê be jinî xirapî gut: bê şerimî
Bo heriçî desit bo berê saz û nerimî?
Pêyigut: beÎê min wekû diyarim heriwam
Toş daxo wekû nîşan dedey diÎigerimî?



118

گەردوون کە بە زانیاری بکردا کاری
چۆن وا پڕ دەبوو لە هیچ و پووچ و خواری
کەی ڕاستە هەژار و لێو بە بارن زانا
بێ مێشک و کەریش لە زێرە ناڵ و باری !

Geridûn ke be zaniyarî bikirda karî
Çon wa piȓ debû le hîç û pûç û xiwarî?
Key ȓasite hejar û lêw be barin zana
Bê mêşik û kerîş le zêȓe naÎ û barî !



119

گەردوون وەکوو دێو بەراوەژوون ئاکاری
هاواڵی نەزانانە، دژی زانیاری
مەیگێر وەرە هۆشم بەرە بەڵکوو جارێک
لێی تێکچی بەلای ئێمە بچەرخێ باری

Geridûn wekû dêw berawejûn akarî
Hawaĺî nezanane, dijî zaniyarî
Meyigêȓ were hoşim bere beĺikû carêk
Lêyitêkiçê be lay ême biçerixê barî



120

هۆشم کە هەبی خەفەت دڵم دەردێنی
سەرخۆش کە دەبم، هۆش لە سەرم نامێنێ
کاتێکە نە زۆر مەست و نە زۆر وشیارم
گیانم بە فیدای ئەودەمە دنیا دێنێ

Hoşim ke hebê xefet diĺim deridênê
Serixoş ke debim hoş le serim namênê
Katêke ne zor mesit û ne zor wişiyarim
Giyanim be fîday ewdeme duniya dênê



121

چاو جوانە بەیانە و کەڵەشێر دەخوێنێ
بانگێکی لە مەیگێڕ بکە با مەی بێنێ
داخۆ شنەبای بەیان ، خوناوکەی باران
کەی بێنێ لەسەر گۆڕەکەمان بڕژێنێ

Çaw ciwane beyane û keȊeşêr dexiwênê
Banigêkî le meyigêȓ bike ba mey bênê
Daxo şinebay beyan , xunawikey baran
Key bênê le ser goȓekeman bıȓijênê



122

ئەو کۆشکە ملە*ی دەکرد دەگەڵ ئاسمانێ
شاهانی دەکەوتەوە لە دەرک و بانێ
دیتم پەپوسێمانەیە لێی دەخوێنێ:
کوا بگرە وو بەردە؟.. بەزم و ڕەزمت کوانێ ؟

* ملە = زۆرانی، زۆرەبانی، بەربەرەکانی

Ew koşike miley dekird degeȊ asimanê
Şahanî dekewitewe le derik û banê
Dîtim peousêmaneye lêyî dexiwênê :
Kiwa bigre û berde ?.. bezim û rezimit kiwanê ?



123

خەم بۆچی لە سەر بوون و نەبوون دادەگری؟
دوارۆژ چییە، کەی دێ ؟ چتە وا بۆی دەگری؟
مەی فڕکە* ! مەترسێ بە قەرز، نازانی
نێوانی هەناسەیەک دەژی یان دەمری!

* فڕکردن = هەڵ لووشین، خواردنەوە، هەڵقوڕاندن

Xem boçî le ser bûn û nebûn dadegirî?
Diwa r̂oj çiye, key dê? çite wa boy degirî?
Mey fîr̂ke ! metirsê be qeriz, nazanî
Nêwanî henaseyêk dejî yan demirî !



124

بێ خەم بە!.. ژیان هەلێکە هاکا مردی
تاوێری* مەرگ گلا* و لە بنیا مردی
نازانی لە کوێوە ناردرای؛ سا بە خودا
ناشزانی مەرگ کە مردی بۆکوێی بردی

* تاوێر = تاوێرە بەرد، زەمینی سەخت
* گلان = خزین بەسەر دا، داتەپین بەسەر دا

Bê xem be !.. jiyan helêke haka mirdî
Tawêrî merig gila û le biniya mirdî
Nazanî lekiwêwe naridirawî sa be xuda
Naşizanî merig ke mirdî bo kiwêy biridî



125

ناچاری ئەشێ باری مەرگ هەڵبگری
ناشێ هەموو دەم لە ترسی مردن بمری
خوێن و ڕەگ و پێستێک و دووسێ ئێسقانێک
وەبزانە نەبوون، بۆچییە خەم دادەگری ؟

Naçarî eşê barî merig helibigirî
Naşê hemû dem le tirsî mirdin bimirî
Xiwên û ȓeg û pêsitêk û dû sê êsiqanêk
Webizane nebûn, boçiye xem dadegirî ?



126

وەبزانە جیهان بە ئارەزووی تۆ دەگەڕێ
ئەم چەرخ و خولە هەموو بە فووی تۆ دەگەڕێ
وەبزانە کە سەدساڵی ژیای، پاشان چی ؟
مەرگێکە لە سەر ڕێگە لە دوی تۆ دەگەڕێ

Webizane cîhan be arezûy to degeȓê
Em çerix û xule hemû be fûy to degeȓê
Webizane ke sed saĺê jiyay, paşan çî?
Merigêke le ser ȓêge le duy to degeȓê



127

دنیا وەکوو خۆیەتی و مرۆ نامێنێ
تۆ تۆزی ئەویش هەر وەکو سۆزی و دوێنێ
ئێمەش کە نەهاتبووین وەکو خۆی وا بوو
لێشی دەردەچین کەمایەسی ناهێنێ

Duniya wekû xoyetî û miro namênê
To tozî ewîş her wekû sozî û diwênê
Êmeş ke nehatibûyin wekû xoy wa bû
Lêşî derideçîn kemayesî nahênê



128

ژیانت چییە؟ تا چووک* و شلێ*، شاگردی
وەستای کە گەیشتی، پاشی: پیری، مردی
پوختایی وتار لە من ببیسی باشە
تۆزێکی لە خۆڵ بەرز ببووی، با بردی

* چووک =  منداڵ، زارۆک، بچووک
* شل = مەبەست شلک و کاڵ و نەوڕەس و ساوایە

Jiyanit çiye? ta çûk û şilî, şagirdî
Wesitay ke geyişitî, paşî: pîrî, mirdî
Puxitayî witar le min bibîsî başe
Tozêkî le xoÎ beriz bibûy, ba birdî



129

زانیوتە لە حەوت* و چوارەوە* هاتی کە بووی
گێژیت و لەبیری چوار و حەوتا ون بووی
ئاسوودە بژی هەزار کەڕەت پێتی بڵێم
نایەیتەوە گەر مردی، ئیتر چووی هەر چووی

* حەوت = حەوت ئاسمان

* چوار = ئاو، ئاگر، خۆڵ ، با

ح = ĥ  حەوت = ĥewit

Zanîwite le ĥewit û çiwarewe hatî ke bûy
Gêjît û le bîrî çiwar û ĥewita win bûy
Asûde bijî hezar keȓet pêtî biĺêm
Nayeyitewe ger mirdî, îtir çûy her çûy



130

مەی تێکە وەخۆ؛ دەرفەتە هاکا مردی
لەم ژێر گڵە بێ هەواڵ و بێ هاودەردی
وا پێتی دەڵێم شتێک لەلای کەس مەیڵێ
نابێتەوە گوڵ پەلکە گوڵێ با بردی

Mey têke wexo; derifete haka mirdidî
Lem jêr giĺe bê hewaĺ û bê hawiderdî
Wa pêtî deĺêm şitêk lelay kes meyiĺê
Nabêtewe guĺ pelike guĺê ba biridî



131

گەردوون وەکوو منداڵە لەبەر بێکاری
خستینیە دەرێ وەک مت و مور* بۆ یاری
تاوێکی لەبەر دەستی ئەوا دێین و دەچین
دەخرێینەوە سندووقی نەمان یەکجاری

* مت و مور = مت و مووروو بۆ ڕازاندنەوەی ملوانکە و بازنە و خڕخاڵی کچۆڵان

Geridûn wekû minidaÎe leber bêkarî
Xisitîniye derê wek mit û mûr bo yarî
Tawêkî leber desitî ewa dêyin û deçîn
Dexirêyinewe sinidûqî neman yekicarî



132

ڕابوێرە، دڵت خۆشکە چما خەم لەبەری
دەرفەت لە دەست **ئەگەر** نەدەی بەختەوەری
یەک جارە کە دروایەوە هەڵنادەیەوە
هۆشی بدەرێ! مرۆی، نە سەوزە و کەوەری

R̂abiwêre, diÎit xoşike çima xem leberî
Derifet le desit eger nedey bexitewerî
Yakicare ke diriwayewe heÎinadeyewe
Hoşî biderê! miroy ne sewize û kewerî



133

ئەم خەڵکە، لە کارگای خودا دێنە دەرێ
هەر کاری ئەویشە سیس دەبێ و هەڵدەوەرێ
ئەی خوایە! ئەگەر باش بوو لە پای چی نەت هێشت؟
گەر پووچ و چرووکە، کێیە کردوویە بەرێ؟

Em xeĺike, le karigay xuda dêne derê
Her karî ewîşe sîs debê û heĺidewerê
Ey xiwaye! eger baş bû le pay çî net hêşit?
Ger pûç û çirûke, kêye kirdûye berê ?



134

سەرخۆش دڵی نایە پیاڵەیەک بشکێنێ
هەر تۆزێ لەبار و رێک و پێک بنوێنێ
خوا ئەو هەموو لاشە ناسک و لاوچاکە
بۆچ ڕێکی دەخا و لە داخی کێی دەڕزێنێ!؟

Serixoş diĺî naye piyaĺeyek bişikênê
Her tozê lebar û řêk û pêk biniwênê
Xiwa ew hemû laşe nasik û lawiçake
Boç řêkî dexa û le daxî kêyî dex̌izênê



135

پرسیم و نواڕیم* و گەڕام لێر و لەوێ
هیچ بەڵگە نەبوو تەمی گومانم بڕەوێ
نازین بە خەیاڵی ئەو بەهارەی نایە
تا ماوە ژیان.. بادە لە دەستمان نەکەوێ

* نواڕیم = سەیرم کرد، ڕوانیم، تەماشام کرد

Pirisîm û niwaȓîm û geȓam lêr û lewê
Hîç beȴige nebû temî gumanim biȓewê
Najîn be xeyaȴî ew beharey naye
Ta mawe jiyan.. bade le destiman nekewê



136

گەردوون بە دزی دوێنێ لەلام درکاندی*
هەرچی بە سەرت دێ لە دەس ئێمەت زانی
لەم چەرخ و خولەم دا دەسەڵاتم بوایە
خۆم ئێستە ڕەها دەکرد لە سەرگەردانی

* درکاندن = باسکردن و گوتنی نهێنی و قسەی شاراوە

Geridûn be dizî diwênê le lam dirikanidî
Heriçî be serit dê le des êmet zani
Lem çerix û xulem da deseȴatim biwaye
Xom êsite ȓeha dekirid le serigeridanî



137

مەیگێڕ مەیە بەر باری خەمان، مەی با بێ
چا نابێ جیهان بە ئێمە، با دڵ چابێ
چت دێتە بەرێ لە ڕێی ژیان گوێ مەدەرێ
هەرگیز وەکوو ئاواتی دڵی کەس نابێ

Meyigêr̂ meye ber barî xeman, mey ba bê
Ça nabê cîhan beême, ba diÎ ça bê
Çit dête berê le r̂êyî jiyan giwê mederê
Herigîz wekû awataî diÎî kes nabê



138

چووکێک* لە کەلاوەیەک لە بەر لابایێ
دەیکۆڵی بە دندووکی، سەری پاشایێ
پێم وابوو دەڵێ : بمگرە گەر دەتوانی
بەو کەللەیە سوێند دەخۆم لە دەستت نایە

* چووک = چۆلەکە، پاساری

Çûkêk le kelaweyek le ber labayê
Deyikoľî be dindûkî sery paşayê
Pêm wabû deÎê: bimigirê ger detiwanî
Bew kelleye siwên dexom le desitit naye



139

دیم گۆزەکەرێک قوڕی دەشێلا دوێنێ

دەنگێکم دەبیست، باوکە کوڕی دەدوێنێ

ڕۆڵەم بەزەییت بە بابی خۆت دانایە؟!

مەمشێلە بە قەو*، بە هێمنی پێم لێ نێ !

* بە قەو = بە تاقەت، بەهێز، بەتوانا

Dîm gozekerêk quȓî deşêla diwênê

Denigêkim debîst, bawike kûȓî dediwênê

Ȓoĺem bezeyît be babî xot danaye ?!

Memişêle be qew, be hêminî pêm lê nê



140

مەیگێڕ وەرە مەی بێنە زەبوونی* بۆچی؟

با پێ بکەنین داخ لە دەروونی بۆچی ؟

کێ پرسی بە تۆ کرد لە نەبوون و بوونا ؟

بێهوودە کزی بوون و نەبوونی، بۆچی؟

* زەبوون = کز، لاواز، بنێس، چاک بۆوەوەی نەخۆشێک

Meyigêȓ were mey bêne zebûnî bo çî ?

Ba pêbikenîn dax le derûnî bo çî ?

Kê pirsî be to kird le nebûn û bûna ?

Bêhûde kizî bûn û nebûnî bo çî ?



141

هەرکەس کە دەسی بە تیکە نانێ بڕەسێ*
لاکۆخی هەبێ، شەوانە تێیدا وەحەسێ *
چەند خۆشە ژیانی وا، چ ئازادە بە دڵ
بۆ خۆی بێ، نە ئاغا بێ، نە بەردەستی کەسێ

* بڕەسێ = بگات، پێ بگات

* وەحەسێ = بحەسێتەوە، پشووبدات

Her kes ke desî be tîke nanê biresê
Lakoxî hebê, şewane têyida weĥesê   وەحەسێ = weĥesê   ح = ĥ
Çenidixoşe jiyanî wa, çi azade be dil
Boxoy bê, ne ağ̊a bê, ne beridesitî kesê   ئاغا = ağ̊a   غ = ğ̊



142

ڕۆزی و تەمەنت پتر بکەی ناتوانی
بۆ زۆر و کەمیش پەرۆش و سەرگەردانی
زۆر دەستەوەسانیت* و بزۆزیشێ* بە دەم
ئاواتی دڵت لە مێو* بکەی ناتوانی

* دەستەوەستان = بێدەسەڵات، نەبوونی بڕشت لە کار دا

* بزۆز = نەسرەوت، بێ ئۆقرە و ئارام

* مێو = لە قاڵکردنی هەنگوێن دا، شانەی هەنگوینەکە دەتوێتەوە و وەک مێو لە هەنگوین جیا دەبێتەوە

R̂ozî û temenit pitir bikey natiwanî
Bo zor û kemîş peroş û serigeridanî
Zor desewesitanît û bizoîşî be dem
Awatî diĺit le mêw bikey natiwanî



143

نەیخۆی و نەپۆشی، ئەدی بۆچیت کۆشی؟
سەرقاڵی! شەو و ڕۆژ دەکری و دەفرۆشی
لێوو تەڕکە بە مەی، لێوی کچۆڵێک بمژە
ژێر گڵ هەر دەبی، پەرۆشی یان دڵخۆشی

Neyixoy û nepoşî, edî boçît koşî ?
Seriqaĺî! şew û r̂oj dekir̂î û defiroşî
Lêw ter̂ ke be mey, lêwî kiçoĺêk bimije
Jêr giĺ her debî, peroşî yan diĺixoçî



144

بڕوات کە بە دنیایە لە تەکمابە* دەمێ
بڕوانە لە گۆرسان و ڕامێنە* دەمێ
مێروولە کە کێشەوەی دەکەن لێر و لەوێ
هەر یەک لە دەمی دایە گڵی خونچە دەمێ

* لە تەکم دابە = دەگەڵم دابە

* ڕامان = خورد بوونەوە، وردبوونەوە

Bir̂iwat ke be duniyaye le tekima be demê
Bir̂iwane le gor̂isan û r̂amêne demê
Mêrûle ke kêşewey deken lêr û lewê
Her yek le demî daye giĺî xuniçe demê



145

دەستم کە بڕۆیبایە خودا ئاسایی
گەردوونێ ترم دەخستە ڕوو سانایی
بەدبەختی بەشی نەزان و نامەردان با
دڵخۆشیم دەدا بەرامبەری زانایی

Desitim ke biȓoyiba xuda asayî
Geridûnîtirim dexisite ȓû sanayî
Bedibexitî beşî nezan û nameridan ba
Diĺixoşîm deda beramiberî zanayî



146

مەیگێر وەرە! گا زەوی لە پشتە*، بەمە چی؟
بادەم بدەیە جند* و فرشتە بەمە چی؟
مەیخانەیەکم نیشان دە ئەوسا دنیا:
مزگەوتە هەمووی، دێر* و کەنشتە*، بەمە چی؟

* گا زەوی لە پشتە = ئاماژەیەکە بە فەلسەفەی کۆن، کە پێی وایە زەوی لە سەرپشتی گا، گاکە لە سەر پشتی ماسی و ، ماسی لە ناو ئاوی دەریا دایە.
* جند = جندوکە
* دێر = شوێنی نوێژکردن و پاڕانەوەی فەلەکان
* کەنشت = شوێنی پاڕانەوە و نوێژکردنی جوولەکەکان

Meyigêȓ were! ga zewê le pişite, beme çî?
Badem bideye, cinid û firîşite beme çî?
Meyixaneyekim nîşanide ewsa duniya:
Mizigewite hemûy, dêr û kenîşite, beme çî?



**147**

یان دەچمە بەهەشت هۆری لە دەورەم کۆ بێ
یان ئاگرە جێگەم بە چزە و بۆ سۆ بێ

جوانێک و مەی و نەی و بەهارێک بۆ من
چێم ناگەرەکە، قەرزی بەهەشت بۆ تۆ بێ

Yan deçime beheşit horî le dewirem ko bê
Yan agire cêgem be çize û boso bê
Ciwanêk û mey u ney û beharêk bo min
Çîm nagereke, qerizî beheşit bo to bê



**148**

دلبەر کە بمان داتێ مەیێک و ماچێ
بەرماڵ و ڕدێن بە توونی ئاگر* داچێ
دڵتەڕ* لە جەهەندەما بێ، سا دەرکی بەهەشت
گیراوە بە قوڕ تازە کەسی تێ ناچێ

* توونی ئاگر = جێگای هەرە گەرمی جەهەندەم و تەندوور
* دڵتەڕ = ئاشق پیشە

Diliber ke bimanidatê meyêk û maçê
Berimaĺ û řidên be tûnî agir daçê
Dîĺiter le cehenidemabê, sa derikî beheşit
Gîrawe be qûř, taze kesî tênaçê



149

ئۆخەی کە نەما باوی خەیاڵی خاڵی
مەیگێڕێ دەبینمەوە بە بادەی ئاڵی
گێرەی ڕەمەزان بەر بوو، ئەوا جێژن هات
دەمبێنی لە دەم گا وو کەران داماڵی

Oxey ke nema bawî xeyaĵî xaĵî
Meyigêȓê debinimewe be badey aĵî
Gêrey ȓemezan ber bû, ewa cêjin hat
Demibênî le dem ga û keran damaĵî



150

مەیگێڕ لەمە بڕوانە بە سیلەی چاوێ
ڕابردو، نەهاتوو، لە سەرت دەرباوێ
تاکەی خەمی زوو کۆچ دەکەم و دێر هاتم
مەی تێکە وەخۆین، درەنگ و زووی پێ ناوێ

Meyigêȓ le me biȓiwane be sîley çawê
Ȓabirdû, nehatû, le diĵit deribawê
Takey xemî zû koç dekem û dêr hatim
Mey têke wexoyin, direnig û zûy pê nawê



151

مەیخۆروەکان دەوەرن و سازدەین کۆڕێ
مەیگێر وەرە با دەفری شەراب هەڵچۆڕێ
دەیزانی خودا ڕۆژی بەرێ ، مەیخۆرین
تێکی مەدە زانستی خودا ناگۆڕێ

Meyixorewekan dewerin û sazideyin koȓê
Meyigêȓ were ba defirî şerab heȴiçoȓê
Deyizanî xuda ȓojî berê, meyixorîn
Têkî mede, zanisitî xiwida nagoȓê



152

مەیخۆرەوە بم بە تۆچی؟ تووڕەی بۆچی؟!
تۆ بۆچی بە زۆنگی* خەمی مندا ڕۆچی؟
چیت داوە لە ئاکاری ئەم و ئەو کاکە؟
باشتر ئەوەیە کە خۆت بزانی تۆ چی!

* زۆنگ = زەل، زەلکاو، باتڵاغ

Meyixorewe bim be to çî ! tûrey boçî?
To boçî be zonigî xemî min da çî?
Çît dawe le akarî em û ew kake ?
Başitir eweye ke xot bizanî to çî!



153

مەیخۆرەوە نی و لە ئێمە هاتوویە گەمەی
خۆشت بە دزی هەزار دزی و حیزی دەکەی
فیزمان* بە سەرا لێ مەدە مەستی ناکەی
هەر کارێ دەکەی هەزار کەڕەت خۆزگە بە مەی*

فیز = خۆ ڕانان= بەرزە دەماخی
مەی = شەراب

Meyxorewe nî û le eyme hatûye gemey
Xoîşit be dizî hezar dizî û ĥîzî dekey
Fîzman be sera lêmede mestî nakey
Her karê dekey hezar keŕet xozge be mey



154

جوانی بە پەلە و بە بێ نەوەستان ڕۆیی
ڕۆژگاری ژیان وەک شەوی مەستان ڕۆیی
ئەم ژینە کە هەر دەمێکی دنیای دێنا
داخم کە بە بێهوودە لە دەستان ڕۆیی

Ciwanî be pele û be bê newesitan r̂oyî
R̂ojigarî jiyan wek şewî mesitan r̂oyî
Em jîne ke her demêkî duniyaî dêna
Daxim ke be bêhûde le desitan r̂oyî



155

زستانی ژیانە وا قەلی مەرگە قڕی
پیری مڵەیە*ک بوو ڕەگی لاویمی بڕی
باڵداری جوانیم لە لکی ئاواتم
هاوارە لە من چ زوو بە زوو نیشت و فڕی

* مڵە = گیاندارێکە دوژمنی بێستانە و ڕەگ و ڕیشەی گژ و گیا دەبڕێ و دەبێتە هۆی وشک بوونیان

Zisitanî jiyane wa qelî merige qiȓî
Pîrî miȴeyek bû ȓegî lawîmî biȓî
Baȴidarî ciwanîm le likî awatim
Haware le min çi zû be zû nîşit û fiȓî



156

ڕابرد تەمەنم هەموو بە نافەرمانی
نەینۆکی* دڵم لە چەوتی* ژەنگی هانی*
هێشتا بە هومێدی بەزەییم چون هەرگیز
پێم وانەبوو دووانی، هەر بە تاکم زانی

* نەینۆک = ئاوێنە
* چەوت = چەپەڵ، خراپ، بەدفەڕ
* ژەنگی هانی = ژەنگی هێنا

Ȓabirid temenim hemû be naferimanî
Neyinokî diȴim le çewitî jenigî hanî
Hêşita be humêdî bezeyîm çun herigîz
Pêm wanebû diwanî, her be takim zanî



157

فەرمووتە عەزابم هەیە ترسوو لێ بێ
لەم گفتە* دەبێ ئەوی بترسێ کێ بێ؟
تۆ ڕەحمەتی، لە کوێ بی، عەزاب بێکارە
ئەو جێیە کە بێ تۆیە دەبێ لە کوێ بێ ؟

* گفت = بەڵێن، قەول، قەرار، گوتە

Ferimûte āezabim heye tirisû lê bê      عەزاب = āezab      ع = ā
Lem gifite debê ewey bitirisê kê bê?
To řeĥimetî, le kiwê bî, āezab bêkare      ڕەحمەت = řeĥimet      ح = ĥ
Ew cêye ke bê toye, debê lekiwê bê?



158

چاوم بە گریانەوە بوو ، یار تاوێ
دەیڕوانی لە ئەشکی من بە گۆشەی چاوێ
بەم چاکەیە لە نیازی گەیشتم کە دەڵێ:
تۆ چاکە بکە و بیبە دە ئاوی هاوێ

Çawim be giriyanewe bû, yar tawê
Deyiřiwanî le eşikî min be goşey çawê
Bem çakeye le niyazî geyişitim ke del̂ê:
To çake bike û bîbe de awî hawê



159

بوولێڵە* کە هات، مەپرسە کەنگێیساڵە
مەی فڕکە لە خورێنی بە تاس، بە پیاڵە
شێخ وازی* لە هەنگوین و گەزۆیە و من مەی
مەی تاڵە دەبێ هەق بێ، دەڵێن هەق تاڵە

* بوولێڵ = نێوان شەو و ڕۆژان
* واز = ئارەزوو، مەیل، ئیشتیا، تامەزرۆ

Bûlêl̂e ke hat, mepirise kenigêyî sal̂e
Mey fiȓike le xurênî be tas, be piyal̂e
Şêx wazî le henigiwîn û gezoye û, min mey
Mey tal̂e debê heq bê, del̂ên: heq tal̂e



160

شێخ ویستی لە دەردی یار و مەی چا بمەوە
بۆ ژینی لە پاش مەرگ ئەشێ پا بمەوە
نازانێ کە بۆچ هۆگری* یار و بادەم!
پێم خۆشە لە حەشرێش* دەگەڵی ڕا بمەوە

* هۆگر = ئۆگر
* حەشر= ڕۆژی زیندووبوونەوەی مردووان و سەرخوێندنەوەی مسوڵمانان

Şêx wîsitî le deridî yar û mey ça bimewe
Bo jînî le paş merig eşê pa bimewe
Nazanê ke boç hogirî yar û badem!
Pêmixoşe le ĥeşirîş degel̂î ȓabibimewe   حەشر = ĥeşir   ح = ĥ



161

گۆیا لە بەهەشت مشە و فشەی* و خۆراکە
حوری و کوڕ و هەنگوین و شەرابی پاکە
بۆم تێکە بە یادی کۆنە قەرزان مەیگێڕ
ئەم دەنگی دەهۆڵە تا لە دوور بێ چاکە

* مشە = دەنگی دەم لە کاتی خواردندا، مڵچەمڵچ کردن
* فشە = گاڵتەکردن و هەراهەرا

Goya le beheşit mişe û fişey xorake
Ĥorî û kur̂ û henigiwîn û şerabî pake
Bom têke beyadî kone qerizan meyigêr̂
Em denigî dehol̂e ta le dûr bê xoşe

حۆری = Ĥorî    ح = Ĥ



162

لێم بۆتە مەتەڵ*: بەهەشتە، جێگەی حوورە
هەنگوین و کەرە* و شیر و مەی و کافوورە
با ئێمە بە مەی لێرە بەهەشتێ ساز دەین
تا پیاوی هەژار دەگاتە بەغدا دوورە

* مەتەڵ = مەتەڵۆکە ، قسەی شاراوە
* کەرە = ڕۆنی کەرە، ڕۆنی بەرەمەشکە ، نەڤیشک

Lêm bote metel̂: beheşite, cêgey ĥûre
Henigiwîn û kere û şîr û mey û kafûre
Ba ême be mey, lêre beheşitê saz deyin
Ta piyawî hejar degate beğida dûre

حوور = hûr    ح = ĥ

بەغدا = beğida    غ = ğ



163

شووشەی مەیەکەت بۆچی ڕژاندم خوایە ؟
وەک شووشە ، نەشە* و دڵت شکاندم خوایە !
مەیخۆرە منم ، کەچی یەکێ تر دەگرێ
بمبوورە لە پەردە دا گەیاندم خوایە

* نەشە = کەیف و خۆشی لە دەمی سەرخۆشی دا

Şûşey meyeket boçî řijanidim xiwaye ?
Wek şûşe, neşe û diĺit şikanidim xiwaye !
Meyixore minim, keçî yekêtir degirê
Bimibûre le peride da geyanidim xiwaye



164

دنیایە لە کەو* دە، بێگوناهێکی نییە
کەس بێ هەڵە نەژیاوە لە سەر ئەم زەوییە
من کردە خراپ و تۆش خراپەم تووش کەی !
جیاوازی لە نێوان من و تۆ ، خوایە چییە ؟!

* کەو = ئامرازێکی نێو ماڵە ، ئاردی دانەوێڵەی پێ دادەبێژن ؛
بێژینگ بۆ دابێژانی دانەوێڵە و کەو بۆ دابێژتنی ئارد بە کار دێن .

Duniyaye le kew de, bêgunahêkî niye
Kes bê hele nejiyawe le ser em zewiye
Min kiride xirap û toş xirapem tûş key !
Ciyawazî le nêwan min û to, xiwdaye çiye !?



165

بەخشین لە گوناە و هەڵە چاو پۆشینە
تۆ چۆن هەڕەشەت بە ئاگری پڕ تینە؟!
بمبەخشی بە نوێژانەوە، کەسمان لە کەسە *
بە گوناهەوە بمبەخشە دەڵێم بەخشینە!

*کەسمان لە کەس = واتە هیچمان لە هیچ ؛ قەرزداری یەکتر نین و تەواو !

Bexişîn le gunah û heĺe çawipoşîne
To çon heȓeşet be agirî piritîne ?!
Bimibexişî be niwêjanewe, kesiman le kese
Be gunahewe bimibexişî deĺêm bexişîne !



166

مەیخۆر کە نەبن کاول دەبن مەیخانە
خوێنی دەهەزار تۆبە لە گەردنمانە
بەخشین چ دەکا ئەگەر گوناهبار نەبێ؟
لە گوناهەوە بەخشین و بەزەی خوا جوانە

Meyixor ke nebin kawil debin meyixane
Xiwênî dehezar tobe le geridinimane
Bexişîn çi deka, eger gunahibar nebê?
Le gunahewe bexişîn û bezey xiwa ciwane



167

هەر ڕێیە بڕیم گشتی هەڵە و لاڕێیە
وا دێمە پەنات باری گوناهم پێیە
بمبەیتە بەهەشت ئەگەر بە نوێژ و ڕۆژوو
سەودایە، ئیتر بەخششەکەت لە کوێیە؟!

Her r̂êye bir̂îm gişitî heĺe û lar̂êye
Wa dême penat barî gunahim pêye
Bimibeyite beheşit eger be niwêj û r̂ojû
Sewidaye, îtir bexişişeket le kiwêye?!



168

کێ ڕۆژی بەرێ* قوڕی منی شێلاوە
کوڵکە* و مەرەزم* بە کام تەشی ڕێسراوە؟
کارم کە یەکی نەگرت و لێم ئاڵۆزا
سووچم چییە ؟ لای خۆتەوە هەڵپێچراوە

* ڕۆژی بەرێ = ڕۆژی یەکەم
* کوڵکە = تووک، موو
* مەرەز = مووی بزنە مەرەز

Kê r̂ojî berê qur̂î minî şêlaw
Kuĺike û merezim be kam teşî r̂êsirawe ?
Karim ke yekî negirit û lêm aĺoza
Sûçim çiye? lay xotewe heĺipêçirawe

## 169



ئەی تەکیەنشین شێخی بە سۆرە و تۆرە* !
پێت وا نەبێ هەر مەستییە، کارم زۆرە
من خوێنی ترێ دەمژم و تۆ خوێنی هەژار
جوابم دەرەوە کێیە پتر خوێن خوۆرە ؟!

* سۆرە و تۆرە = کەسوکار و خزمی دووری بەلاوە

Ey tekiyenişîn, şêxî be sore û tore !
Pêt wanebê her mesitiye, karim zore
Min xiwênî tirê demijim û to xiwênî hejar
Ciwabim derewe kêye pitir xiwênixore?!

## 170



دەروێش وەرە ئەم حا وو حووەت* بێ خێرە
دەم بەستەی و تۆزاوی وەکوو گای گێرە
خوا چاوی لە دەستت نییە ڕۆژوی بدەیەی
ژیانێکی کە پێی داوی بە مەی بسپێرە

* حا و حوو = دەنگ و نرکەی دەروێشان لە دەمی جەزم بوون و پرچ ڕاوەشاندن دا

Deriwêş were em ĥa û ĥuwet bêxêre
Demibesitey û tozawî wekû gey gêre
Xiwa çawî le desitit niye r̂ojûy bideyey
Jiyanêkî ke pêyidawî be mey bisipêre



171

دنیا بە دەسی دەستە کەر و گایێکە
هەر جاشەکەرە: وەزیر وپاشایێکە
دیندار بە کەسێک دەڵێن نەزان و گێژە
هەرکەس کە دەڵێن کافرە، زانایێکە

Duniya be desî desite ker û gayêke
Her caşe kere, wezîr û paşayêke
Dînidar be kesêk deÎên nezan û gêje
Her kes ke deÎên kafire, zanayêke



172

خوێنتاڵی مەلا! بە ریش و پەشم و جبەوە
ئەمڕۆش لە دەست دەدەی بە بیری سبەوە
زۆر وشکی، دەبی بە دەستەچیلەیٚ* ئاگر
فەرموو وەرە مەیخانە کەمێک تەڕ ببەوە

* دەستەچیلە = پڕ و پووش و وردە دار، کە بۆ بنئاور کەڵکە لێ وەردەگرن، بناورە

Xiwênitaĺî mela be r̂îş û peşim û cibewe
Emir̂oş le desit dedey be bîrî sibewe
Zor wişikî, debî be desiteçîley agir
Ferimû were meyixane kemêk ter̂ bibewe



173

وا چاخێ* گوڵە، دار و دەوەن گوڵ پۆشە
دەروێش وەرە بەر! وەرگرە مەی بینۆشە
بڕوانە لە گوڵ بە ئەقڵی تۆ پێدەکەنێ
بۆ بیری جەهەندەم، دڵ و ڕووت ناخۆشە!؟

* چاخ = کات، سەردەم، وەخت، وەرز

Wa çaxî guÎe, dar û dewen guÎ poşe
deriwêş were ber! werigire mey bînoşe
Biriwane le guÎ be eqiÎî to pêdekenê
Bo bîrî cehenidem, diÎ û r̂ût naxoşe!?



174

هەر کەس کە تەواوە، ناتەواوی ماڵە
کێ خێوی* کوڵاوە و کاڵە* بۆخۆی کاڵە
خوێنتاڵە هەتا ملان لە ناو شیرنایی
کێ ڕووگەش و خوێن شیرنە، ژینی تاڵە

* خێو = خاوەن، ساحەب
* کوڵاو و کاڵ= مەبەست ئەندامانی بنەماڵەیە لە ورد و درشت و پیر و جوان

Her kes ke tewawe, natewawî maÎe
Kê xêwî kuÎaw û kaÎe boxoy kaÎe
XiwênitaÎe heta milan le naw şîrinayî
Kê r̂ûgeş û xiwênişîrine, jînî taÎe



175

خوێنتاڵت دەوێ، ئێسکی گرانت* گەرەکە ؟
بۆ تەکیە* بچۆ کە دەرد و ژانت گەرەکە
مەیخانەیە جێی لێو بە بزە و ڕووخۆشان
مەیگێڕێ ببینە گەر ژیانت گەرەکە

* ئێسک گران= بەدگۆشت، ڕەزاتاڵ، ناحەز، دزێو
* تەکیە = دەوێشدان ، شوێنی کۆبوونەوەی دەروێشان بۆ پرچ بادان و حەی و حوو کردن .

Xiwênitaliٓt dewê, êsikî giranit gereke?
Bo tekiye biço ke derid û janit gereke
Meyixaneye cêyî lêw be bize û r̂ûxoşan
Meyigêr̂ê bibîne ger jiyanit gereke



176

خەییام کە سەرت گەرمە بە مەی دڵخۆش بە
دەس لە ملی کچۆڵەیەک دەکەی دڵخۆش بە
دوا ڕۆژی هەموو شتێک نەبوونە و چوونە
وای دابنێ هەر نەبووی، کە هەی دڵخۆش بە

Xeyîam ke serit gerime be mey diliٓxoş be
Des le milî kiçoleyek dekey, diliٓxoş be
Diwar̂ojî hemû şitêk nebûn û çûne
Wayidabinê her nebûy, ke hey diliٓxoş be



177

گاێیکە لە ئاسمان و ناوی کۆیە*
گاێیکە دەڵێن هەڵگری هەرد و بۆیە*
سەیری کەرەگەل بکەن لەناو ئەم جووتە
گەر ژیر و بەبیری سەیری خۆش بۆ تۆیە

* کۆ = ئەستێرەی کۆ
* هەرد و بۆ = زەمین و زەمان

Gayêke le asiman û nawî koye
Gayêke deĺên heĺigirî herid û boye
Seyirî keregel biken le naw em cûte
Ger jîr û be bîrî seyirî xoş bo toye



178

ڕۆیین* و زەمان پەشیو و ئاڵۆزاوە
سەد گەوهەر و دوڕ* یەکێکی لێ نەسماوە*
داخی بە دڵم هەزار وشە و بیری چاک
کەر بوونەتە لەمپەڕ* و نەپێژراو ماوە

* ڕۆیین = تێپەڕین، بەسەرچوون، ڕابردن
* دوڕ = مرواری
* سمین = سواندن
* لەمپەر = ئاستەنگ، بەردی سەرێگا، بەرهەڵست

R̂oyîn û zeman peşêw û aĺozawe
Sed gewiher û dur̂ yekêkî lê nesimawe
Daxî be diĺim hezar wişe û bîrî çak
Ker bûnete lemiper û nepêjiraw mawe



179

ئەی خوایە لە کارت سەری زانا گێژە
شیرنایی دەنێیە  دەم؛ دەڵێی مەیچێژە
خۆت جوانی دروست دەکەی، دەڵێی مەی بینە
پیاڵێکی پڕاوە، لاریکە و مەیرێژە

Ey xiwaye le karit seri zana gêje
Şirinayî denêye dem; deÎêyî meyiçêje
Xot ciwanî dirusit dekey, deÎêy meyibîne
PiyaÎêkî pîȓawe, laryike û meyîȓêje



180

دیم پیرێ لە مەیخانە سەری دەخولاوە
ناترسی؟.. وتم، کە بمری؟.. چت بۆ ماوە؟!
فەرمووی وەرە پێداکە، گەلێ وەک من و تۆ
ڕۆیشتن و کەس نەهاتەوە لەو لاوە

Dîm pîrê le meyixane serî dexulawe
Natirisî?.. witim, ke bimirî?.. çit bo mawe?!
Ferimûy were pêdake, gelê wek min û to
Ȓoyişitin û kes nehatewe lew lawe



181

لەم ڕێگە درێژەوە کە مەرگی ناوە
کێ هاتەوە باس و خەبەری هێناوە؟
وەستان لە دووڕێیانی نیازی پڕ و پووچ
بێهوودەیە، هەرچی چوو نەهاتە دواوە

Lem r̂êge dirêjewe ke merigî nawe
Kê hatewe bas û xeberî hênawe ?
Wesitan le dûr̂êyanî niyazî pir̂ û pûç
Bêhûdeye, heriçî çû nehate diwawe



182

خشت پێژی هەتا کەنگێ بە سەر دەریاوە !
ئاخ چەندە ڕقم لە بوت پەرست هەڵساوە !
کابرای کە دەڵێ دەچتە جەهەندەم خەییام
چۆن زانی ؟ چ دێوێک خەبەری پێداوە !؟

Xişit pêjî heta kenigê be ser deriyawe !
Ax çende r̂iqim le but peresit hel̂isawe !
Kabiray ke del̂ê deçite cehenidem xeyiam
Çon zanî? çi dêwêk xeberî pêdawe !?



183

دوو ڕوویی بەسە، ڕوو دەکەمە مەیخانە
ئەم ڕیشی سپی بە مەی بڕەنگێ جوانە
پێوانی تەمەن گەییشتە حەفتا تا کەی
خۆم هەروەکوو هەم نیشان نەدەم شێتانە!؟

Dûr̂ûyî bese, r̂û dekeme meyixane
Em r̂îşî sipî be mey bir̂enigê ciwane
Pêwanî temen geyişte hefita ta key
Xom her wekû hem nîşan nedem şêtane?!



184

مەی تێکە! هەرایە!.. پێم دەڵێن بێ دینە
چۆن ڕەنگێ بەرم؟ پەڕۆم لە هەش* دا شینە *
بەرماڵە گوناهبارەکەشم وا شڕ بوو
هەڵناگرێ تەقەڵ بە بارێ بیکەین پینە

* هەش = دەرمانی سازکراو لە چەند جۆرە گیا، بۆ خمکردنی بەن و کوتاڵ و پارچەی تر لە خمخانەی خمگەران دا. دایکانی تازیەدار، جلکی خۆیان بە خم شین دەکرد .

* پەرۆم لە هەش دا شینە = لەبەر خەمباریم، پەڕۆی جلکی بەرم لە هەش دا شینە.

Mey têke heraye!.. pêm delên bêdîne
Çon r̂enigê berim? per̂om le heş da şîne
Berimaîe gunahibarekeşim wa şir̂ bû
Helînagirê be barê bîkeyin pîne



185

مەیگێر وەرە بۆم تێکە دڵم زۆر تەنگە
کێ باشە؟ هەموو کەس دە ڕووە و سەد ڕەنگە!
با مەی بپەرەستین و ئیتر واز بێنین
تا وابێ موسوڵمانەتی شەرم و نەنگە

Meyigêr̂ were bom têke dil̂im zor tenige
Kê başe? hemû kes de r̂ûwe û sed r̂enige!
Ba mey biperesitîn û îtir waz bênîn
Ta wabê misul̂imanetî şerim û nenige



186

مەیگێڕ بە سەرت پردی سیڕاتیش کەڵەکە
سەیرانی بەهەشت سەیری دوو چاوی بەڵەکە
زۆرم لە خودا ویست و کەمیشی نەگەیی
هەر تۆبەیە دەم داتێ ئەویش نەم گەرەکە

Meyigêr̂ be serit pirdî sîr̂atîş kel̂eke
Seyiranî beheşit seyirî dû çawî bel̂eke
Zorim le xuda wîsit û kemîşî negeyî
Her tobeye demidatê, ewîş nemigereke



187

خۆ دووره کتێب بگره، گەمەی منداڵە
ژێر بیری لە سەر شەراب و لێوی ئاڵە
هۆشت بێ هەتا خوێنی نەڕژتووی گەردوون
تۆ خوێنی کچی ڕەزان* بڕێژە پیاڵە

* خوێنی کچی ڕەزان= مەبەست ئاوی ترێ یە ـ شەراب

Xo dûre kitêb bigire, gemey mindal̂e
Jîr bîrî le ser şer̂ab û lêwî al̂e
Hoşit bê heta xiwênî ner̂ijitûy geridûn
To xiwênî kiçî r̂ezan bir̂eje piyal̂e



188

تازەم کە بە کەونە مەی، جیهانیش کەونە
زۆر لاش و سەری تێوە درا ئەم تەونە
چۆن هاتی؟.. چلۆن دەچی؟.. چلۆن بووی و دەبی؟
خەو دات نەگرێ وەکوو خەیاڵ و خەونە

Tazem ke be kewine mey, cîhanîş kewine
Zor laş û serî têwe dira em tewine
Çon hatî?.. çilon deçî?.. çilon bûy û debî?
Xew dat negirê wekû xeyal̂ û xewine



189

لەم بیرە کە چین نهێنی پشتی پەردە
هەر بیرەوەرێ کاس و بە داخ و دەردە
ئەفسانەیەکی دوور و درێژ و بێ بن
دەستێ بەرە بۆ پیاڵە، دەست لەو بەردە

Lem bîre ke çîn nihênî pişitî peride
Her bîrewerê kas û bedax û deride
Efisaneyekî dûr û dirêj û bêbin
Desitê bere bo piyaÎe, desit lew beride



190

چم بیستووە لەم جیهانە یان چم دیوە
زانیومە چییە، هیچ نەبێ نیوە و نیوە
مردن چییە؟.. هەرچی دەکەم و دەکرێنم
شێواوم و سەر نابەمە دەر لەو شیوە

Çim bîsitiwe lem cîhane yan çim dîwe
Zanîwime çiye, hîç nebê nîwe û nîwe
Mirdin çiye?.. heriçî dekem û dekirênim
Şêwawim û ser nabeme der lew şîwe



191

لەم هاتنە بێهوودەیە بیرم شاشە*
سەرباری خەمان بیر و خەمی ئەولاشە
مەیگێڕ وەرە قۆڵ هەڵکە گلێنەت* بێنە
خەم چڵکی دڵە، بە مەی بشۆرین باشە

* بیرم شاشە = بیرم ئاڵۆزە
* گلێنە = پیاڵەی لە گڵ سازکراو

Lem hatine bêhûdeye bîrim şaşe
Seribarî xeman bîr û xemî ewilaşe
Meyigêȓ were qoî heĺike giĺênet bêne
Xem çiĺikî diĺe, be mey bişorîn başe



192

بێ دلبەر و مەی تەمەن بەسەرچوون هیچە
بێ ڕەنگی مەی و دەنگی بلوور* بوون هیچە
ئازاد و بە دڵخۆشی بژی چەند ڕۆژێک
ڕابوێرە لە هیچ بیر مەکە، گەردوون هیچە

* بلور = بلوێر، شمشاڵ

Bê diliber û mey temen beseriçûn hîçe
Bê ȓenigî mey û denigî bilur bûn hîçe
Azad û be diĺixoşî bijî çenid ȓojêk
Ȓabiwêre le hîç bîr meke, geridûn hîçe



193

مەیگێڕ وەرە بۆم تێکە ئەوا نیوە شەوە
بەس بیرێ لە مزگەوت و کەنشتان* بکەوە
دڵتەنگی جەهەندەمی بە ئاواتی بەهەشت ؟
دایناوە خودا کوێندەڕی*، بەس لێکی دەوە

* کەنشت = کەنیشتە، شوێنی بەڕیوەبردنی ئەرکی ئایینی جوولەکەکان
* کوێندەری = خەڵکی کوێی ؟

Meyigêȓ were bom têke ewa nîwe şewe
Bes bîrê le mizigewit û kenişitan bikewe
Diĺitenigî cehenidemî be awatî beheşit?
Dayinawe xuda kiwênideȓî, bes lêkî dewe



194

دڵتەنگی مەرگ نابێ ئەوەی لێزانە
ئەم مانەوەمان وچانی ڕاگوێزانە
تێر سەیری گوڵت نەکردووە بۆتەوە گڵ
لە شوێن گوڵەنەورۆزە گەڵاڕێزانە

Diĺitengî merig nabê ewey lêzane
Em maneweman wiçanî ȓagiwêzane
Têr seyirî guĺit nekiriduwe botewe giĺ
Le şiwên guĺenewiroze geĺaȓêzane



195

زستانە هەتا ڕوو دەکەمە مەیخانە

هەر لاسکی گوڵە و لە دەوری ئاگردانە

وەدیارە نەیاری جوان و ڕووخۆشە جیهان

تۆڵەی دەمی پێکەنینە ئەم سووتانە !!

Zisitane heta r̂û dekeme meyixane

Her lasikî guÎe û le dewirî agiridane

Wediyare neyarî ciwan û r̂ûxoşe cîhan

ToÎey demî pêkenine em sûtane



196

ئەم هاتن و چوونی ئێمە چی لە دوایە؟

کێی وا هەیە لەم گلۆڵە* هەڵکا تایە*؟

ئەو لاشە هەموو دەکەونە ئاورگی* نەمان

سووتمانی وەهام نەدیوە، دووکەڵ نایە !

* گلۆڵە = تۆپەڵە بەن

* تایە = هەودایەک

* ئاورگ = کوانوو

Em hatin û çûnî ême çî le diwaye

Kêyî wa heye lem giÎoÎe heÎika taye?

Ew laşe hemû dekewine awirigî neman

Sutimanî weham nedîwe, dûkeÎ naye



197

هەرچێکی هەڵێ*، بەشی لە ئاوابوونە
سەرکەوتنی هەوراز و بەرەوژێر چوونە
شین بووی لە زەوی، پێدەگەی و دەت هێڕێ*
ئاشێڕە* خودا و ئاشەکەشی گەردوونە

* هەڵێ = بێتەدەرێ، خۆ بنوێنێ
* دەت هێڕێ = وردت دەکا، دەتکاتە ئارد
* ئاشێڕ = ئاشەوان

Heriçêkî heĺê, beşî le awa bûne
Serikewitinî hewiraz berew jêr çûne
Şîn bûy le zewî, pêdegey û det hêȓê
Aşêȓe xuda û aşekeşî geridûne



198

ئەم کۆنە سەراوپەردە کە دنیای ناوە
شایی لە بەرێک، شینە لە پێنسەد لاوە
ئەم خوانچەیە بەرماوی هەزار جەمشیدە*
گۆڕە* و گەلێ بارامێ* تیا نێژراوە

* جەمشید = جەمشیدی جەم، پادشایەکی ئەفسانەیی لە شانامەی فیردەوسی دا
* گۆڕ = قەبر، گڵکۆ
* بارام = بارامی گۆڕ، یەکێک لە پادشاکانی خانەدانی ساسانی

Em kone serawiperdeye ke duniyay nawe
Şayî le berêk, şîne le penised lawe
Em xiwaniçeye berimawî hezar cemişîde
Goȓe û gelê baramî têya nêjirawe



199

هەر بێنە و بەرە و ، هەڵخول و هاتووچۆیە
گوێ هەڵخە هەموو دەنگی بژی و ڕۆ ڕۆیە
خەرمانی ژیانە سوورە، گەردوون سەرکار
ڕۆکردن و پێوانی مەیە لەو کۆیە

Her bêne û bere û, helÎxul û hatûçoye
Giwê helÎxe hemû denigî bijî û r̂or̂oye
Xerimanî jiyane sûre, geridûn serikar
R̂okirdin û pêwanî meye lew koye



200

هەرخاکێ هەیە خۆڵی لەشی یارانە
هەر چاو و دڵی دلبەر و دڵدارانە
وەک ئاو کە هەور خۆڵ و گڵیش هەڵبگرێ
تا ڕۆژی حەشر تەوژمی خوێنبارانە

Her xakê heye xolÎî leşî yarane
Her çaw û diÎî dilber û diÎidarane
Wek aw ke hewir xoÎ û giÎîş heÎibigirê
Ta r̂ojî ĥeşir tewijimî xiwnibarane

حەشر = ĥeşir ح = ĥ



201

ئەی خوایە چ بێوەفایە ئەم دنیایە !
دەرد و ڕک و کینە گشتی هەر لەو ڕایە
بڕوانی لە ناو دڵی ڕەشی خاکی ڕەشا
زۆر گەوهەری تێدایە کە نرخی نایە

Ey xiwaye çi bêwefaye em duniyaye !
Derid û r̂ik û kîne gişitî her lew r̂aye
Bir̂iwanî le naw dil̂î r̂eşî xakî r̂eşa
zor gewiherî têdaye ke nirxî naye



202

خاکێ کە لە ژێر پێ و پلی شوانانە
سنگ و مەمک و کوڵم و دەمی جوانانە
هەر خشتێ لە لا قوژبنی دیوارێکە
یان شانی وەزیرە یان سەری سوڵتانە

Xakê ke le jêr pê û pilî şiwanane
Sinig û memik û kul̂im û demî ciwanane
Her xişitê le la qujibinî dîwarêke
Yan şanî wezîre yan serî sul̂itane



203

هەر سەوزە کە تازە لە دەم ئاوێ ڕواوە
وەک تازەخەتێ لە لێوی لاوێ ڕواوە
هەنگاوێ لە سەر شینکە بە پارێز* دانێ
ئەو شینکە لە خاکی مەستە چاوێ ڕواوە

پارێز = وریایی، لەسەرەخۆ، بە ئارامی، هێدیانە

Her sewize ke taze le dem awê řiwawe
Wek taze xetê le lêwî lawê řiwawe
Henigawê le ser şînike be parêz danê
Ew şînike le xakî mesite çawê řiwawe



204

بۆ ئاوی شەوێ گۆزەشکاوێ لامە
فرمێسکی وشک نابنەوە بێ ئارامە
کەللەی سەری شا و دەست و پلی دەروێشە
تێکەڵ بووە نازاندرێ کامەی کامە !؟

Bo awî şewê goze şikawê lame
Firimêsikî wişik nabinewe bê arame
Kelley serî şa û desit û pilî deriwêşe
Têkeĺ buwe nazanidirê kamey kame !?



205

ئەم گۆزە کە جێ ئاوی کرێکارێکە
چاو و دڵی چەند وەزیر و خونکارێکە
هەر پیاڵە مەیەک بە دەستی سەرخۆشێکە
کەللەی سەر و مێشکی ژیر و وشیارێکە

Em goze ke cê awî kirêkarêke
Çaw û diÎî çenid wezîr û xunikarêke
Her piyaÎe meyêk be desitî serixoşêke
Kelley ser û mêşikî jîr û wişiyarêke



206

ئەم بادەیە گیانە چۆتە لاشەی* پیاڵە
وەک من بە ڕواڵە* جوان و ژینی تاڵە
ئەم شوشە مەیە کە تۆ دەڵێی پێدەکەنێ
فرمێسکی هەژارانە لە خوێن دارماڵە *

* لاشە = ئەندام ، قاپێلک
* ڕواڵە = بە ڕواڵەت، بە دیمەن، بە ڕووکار
* دارماڵ = لێوا و لێو، لە سەر لێوان، پڕاوپڕ

Em badeye giyane çote laşey piyaÎe
Wek min be r̂iwale ciwan û jînî taÎe
Em şuşe meye ke to deÎêyî pêdekenê
Firimêsikî hejarane le xiwên darimaÎe



207

گەردوون مەیەکەی مەرگە، جیهان مەیخانە
دەرخواردی دەدا هەر کەسێ لێی میوانە
بینۆشە بە ڕووی خۆشەوە گەر نۆرەت هات
جەژنێکە شەپۆڕێکێ* دەگەڵ یارانە

* شەپۆڕ = شین و گریانی بە کۆمەڵ ، گریان و لە خۆدان

Geridûn meyekey merige, cîhan meyixane
Derixiwaridî deda her kesê lêy mîwane
Bînoşe be r̂ûy xoşewe ger noret hat
Cejinêke şepor̂êkî degeL̂ yarane



208

تا باغی گوڵی بەخت و جوانیت لە بەرە
سەرخۆش بە، دڵت خۆش کە ، چ وەختی کەسەرە؟
ئەو ڕۆژی لە دەس دەچێ وەگیر نایەتەوە
چەپ گەردی زەمانە دوژمنی قەستە سەرە*

* دوژمنی قەستەسەر = ئەودوژمنەی لە پای سەرت دەگەڕێ

Ta baxî guL̂î bexit û ciwanît lebere
Serixoş be, diL̂it xoş ke, çi wexitî kesere ?
Ew r̂ojî le des deçê wegîr nayetewe
Çepigeridî zemane dujiminî qesite sere



209

پێشی من و تۆش ڕۆژ و شەوێک بوون، کاکە !
گەردوون لە گەڕانا بوو وەکوو ئێستاکە
لەم سەرزەوی یە لە هەرجێ پێ وەگوێزی
خۆڵ و گڵی چەند چاو و دڵە، ئەو خاکە

Pêşî min û toş r̂oj û şewêk bûn, kake !
Geridûn le ger̂eana bû wekû êsitake
Lem serizewiye le her cê pê wegiwêzî
Xol̂ û gil̂î çenid çaw û dil̂e, ew xake



210

بیر کەم بتەنە*، ڕایەڵەکەت* بێ پۆیە*
مەی ڕۆکە* لە کوپە، چ ڕەوای ڕۆڕۆیە؟
ئەمرۆکە بە فیز* و قۆزی*،سۆزی* تۆزی *
بابردەڵە*!.. پێت وابوو جیهان بۆ تۆیە؟!

* تەنین = ڕستن و چنین - جاڵجاڵوکە تۆڕ دەتەنێ
* ڕایەڵ = هەودا و تان لە تەون دا
* پۆ = ئەو هەودایەی لە تەوەن دا دەکەوێتە نێوان ڕایەڵەکانەوە
* ڕۆکە = هەڵڕێژە
* بەفیز = لەخۆبایی، بەرزەدەماغ
* قۆز = قیت و قۆز و خۆش کەشم
* سۆزی = سبەی، دووبەیانی
* تۆزی = غوبار، تەپوتۆز
* بابردەڵە = بابردوو

Bîr kem bitene, r̂ayeleket bê poye
Mey r̂oke le kûpe, çi r̂eway r̂or̂oye ?
Ewir̂oke befîz û qozî, sozî tozî
Babirdel̂e!.. pêt wabû cîhan bo toye?!



211

بایێ* مەبە بە ژیان و کەمێ ڕامێنە*
زۆری وەکو تۆ ئێستە سەتی لە شوێنە
دڵخۆش بە هەتا ماوی، مەرگ وا لە کەمین
تا تۆش نەڕفێنراوی بەشت بڕفێنە

* بایی = لەخۆبایی، غەڕە، بەرزەدەماغ
*ڕامان = تڕوانینی ورد، بیرلێکردنەوە، هەڵسەنگاندنی ژیرانە

Bayî mebe be jiyan û kemê  r̂amêne
Zorî wekû to êsitê setî le şiwêne
Dil̂ixoş be heta mawî, merig wa le kemîn
Ta toş ner̂ifênirawî beşit bir̂ifêne



212

بێهوودەیە بەس لە سەر مە خۆ بنوێنە*
بگرە و بکوژە، کۆ کەرەوە ، بستێنە !
سەرکارێ* مەرگ گەلێ لە تۆ زۆردارتر
دەتگاتە سەر و دەڵێ : بەشی من بێنە !

* خۆنواندن = خۆ بەزلزانین، فەخرکردن بەخۆ
* سەرکار = باش وەستا، کەسێک کە بە سەر کارێک ڕادەگا

Bêhûdeye bes le ser me xo biniwêne
Bigire û bikuje, ko kerewe , bisitêne!
Serikarî merig gelê le to zoridaritir
detigate ser û del̂ê: beşî min bêne !



213

دەرد و خەمی من کە هێشتە نەبڕاوەتەوە
خۆشی تۆ کە دەنگی لە جیهان داوەتەوە
هەر دووکی دەچێ نە ئەو دەمێنێت و نە ئەم
گەردوون لە گەڕە* و هەزار تەڵەی ناوەتەوە

*لە گەڕ = لە گەڕ و سووڕان

Derid û xemî min ke hêşite nebiȓawetewe
Xoşî to ke denigî le cîhan dawetewe
Heridûkî deçê, ne ew demênêt û ne em
Geridûn le geȓe û hezar teȴey nawetewe



214

دنیات بە خەیاڵی خۆ لە توربێن* ناوە
زێرت هەیە ، عەرزت هەیە دێمە و ئاوە
ئەو ڕۆژی مەرگ سەرت دەدا سەر بە سەرین
هەر دوو گەزە خاکی گۆڕ و تۆپێک جاوە*

* تووربێن = توورەکە

* جاو = مەڕمەڕشا، جۆرە پارچەیەکی سپییە کە بۆ تەرمی مردوو دەکاری دێنن.
لە موکوریاندا باوە دەڵێن بەشی هەموومان دوو گەزە قەبرە و تۆپێک جاو.

Duniyat be xeyaȴî xo le turibên nawe
Zêȓit heye, erizit heye dême û awe
Ew ȓojî merig serit deda ser be serîn
Her dû geze xakî goȓ û topêk cawe



215

خۆ بەس بدە خەو، کە هۆش و بیرت پتەوە
ڕابوێرە ژیان بە مەی ئەگەر ڕۆژ و شەوە
مردن کە برای گەورەیە بۆ خەو هەر دێت
ئەوکاتە لە ناو نوێنی گڵا تێر بخەوە

Xo bes bide xew, ke hoş û birit pitewe
Řabiwêre jiyan be mey, eger řoj û şewe
Miridin ke biray gewireye bo xew her dêt
Ew kate le naw niwênî giĺa têr bixewe



216

هەر دەرد و کوڵ و ژانە ژیانی ناوە
تۆ بەفری گەلاوێژ و مەرگ وەک تاوە*
ئەو تاوە* تیا ماوی مەتاوێوە بە خەم
کوا ئاوی ترێ؟.. هیمی* جیهانیش ئاوە *

* تاو = خۆر، هەتاو، ڕۆژ
* تاو =دەم، کات، وەخت، هەل، چەل
* هیم = بناغە، بنگە، پایە
* هیمی جیهانیش ئاوە = فەلسەفەی کۆن پێی وایە جیهان لە سەر ئاو داندارەوە

Her derid û kuĺ û jane jiyanî nawe
To befirî gelawêj û merig wek tawe
Ew tawe tiya mawî metawêwe be xem
Kiwa awî tirê?.. hîmî cîhanîş awe



217

ڕاستت دەوێ کاکە؟.. لێم ببیسی چاکە
جوانێکی پەیاکە، بادەیەک پێداکە
خوا کاری جیهانی کرد و لێی بۆوە ئیتر
لە سمێڵی من و لە ڕیشی تۆ بێ باکە

R̂asitit dewê kake?.. lêm bibîsî çake
Ciwanêkî peyake, badeyek pêdake
Xiwa karî cîhanî kird û lêiy bowe îtir
Le simêl̂î min û le r̂îşî to bêbake



218

ئەم بوون و ژیانەی هەیە چۆن ڕووی داوە؟
ئەنجامی چییە و بۆچییە، چی بە دواوە؟
هیچ کەس نەبووە و نیشە بە ڕاست بیزانێ
هەر کەس بە خەیاڵ شتێکی بۆ هەڵداوە

Em bûn û jiyaney heye çon r̂ûy dawe?
Enicamî çiye û boçiye, çî be diwawe?
Hiçikes nebuwe û nişe be r̂asit bîzanê
Herikes be xeyal̂ şitêkî bo hel̂idawe



219

لەم جەغزە* کە شوێنی هاتوچۆی هەموانە
بێ ژێر و سەرە و دوور لە پووان* و سووانە*
کێ زانی لە کوێوە هاتووە و کوێوە دەچێ
هۆزان* و نەزان وەک یەکە: سەرگەردانە

* جەغز = بازنە
* پووان =کووتاڵ و پارچە کە کۆن دەبن، بەرەبەرە دەپوێن و هەڵدەوەشێن
* سووان= بە هۆی ڕێخستنی دوو شت، یەکیان یان هەر دووکیان دەسوێن
* هۆزان= زانا، بلیمەت، لێزان، هونەرمەند، هونەروەر

Lem ceğize ke şiwênî hatûçoy hemûane جەغز = ceğiz غ = ğ
Bê jêr û sere û dûr le piwian û siwane
Kê zanî le kiwêwe hatuwe û kiwêwe deçê
Hozan û nezan wek yeke : serigeridane



220

هەوساری بە دەست خۆتە خراپە و چاکە
هۆی خۆیەتی هەرکەس گەشە یان خەمناکە
بێچارەترە لە تۆ هەزارجار گەردوون
بەس سووچ* و هەڵەت لە سوکری* گەردوون ڕاکە

* سووچ = تاوان، خەتا
* سوکر = ئێخە، ئەستۆ، مل، پێسێر

Hawisarî be des xote xirape û çake
Hoy xoyetî her kes geşe, yan xeminake
Bêçaretire le to hezar car geridûn
Bes sûç û hel̂et le sukirî geridûn r̂ake



221

چاوم لە لکی هومێدە بۆم دانایە
ئەی خۆزگە کە داش دەهات بەری هەبوایە
زیندانە ژیانم دەرەتان نابینم
ئالۆز و گرێ پووچکەیە* ئەو هەودایە

* گرێ پووچکە = گرێ کوێرە ، گرێی ئالۆزکاو

Çawim le likî humêde bom danaye
Ey xozige ke daş dehat berî hebiwaye
Zînidane jiyanim deretan nabînim
Aĺoz û girêpûçikeye ew hewidaye



222

چاوبەستی فەلەک دەستی بڕیم کوێرانە
خستیمیە جەهەندەمێک و ناوی ژیانە
دەردی مە* ئەگەر نەهاتووان بیزانن
روو ناکەنە ئەم خەیمە* شرەی خەمخانە

* مە = ئێمە

* خەیمە = خێوەت، چادر، چیغ، تاوڵ

Çawibestî felek desitî biȓîm kiwêrane
Xisitîmye cehenidemêk û nawî jiyane
Deridî me eger nehatiwan bîzanin
R̂û nakene ew xeyime şiȓey xem xane



223

بارانە دڵۆپێکی ڕژا دەریاوە
خۆڵێکە گەڕ و خولیە لە بەر دەم باوە
ئەم هاتنی ناو ژیان و چوونەت چۆنە ؟
مێشوولەیەک و تۆزێ گەڕا و ، گەڕیاوە

Barane diÎopêkî r̂ija deriyawe
XoÎêke ger̂ û xuliye le ber dem bawe
Em hatinî naw jiyan û çûnet çone?
Mêşûleyek û tozê ger̂a û , ger̂iyawe

www.gagesh.com



224

وا باشە پەنا بەرینە بەر مەیخانە
حەفتا و دوو میللەت بەمەچی شەڕیانە؟
کەوتوونە بیابانی نەزانی، بێ ڕێ
کوێرن، لە شەوی ڕەشان و خۆ لێکدانە !

Wa başe pena berîne ber meyixane
Ĥefita û dû mîllet beme çî şeriyane
Kewitûne biyabanî nezanî, bê r̂ê
Kiwêrin, le şewî r̂eşan û xo lêkidane !

حەفتا = Ĥefita ح = Ĥ



225

هەر کارێ دەکەم ڕۆژی بەرێ نووسراوە
بۆ چاک و خراپ خوا قەڵەمی لێداوە
پرسیار و گوناهی کردەوەم بۆ لە منە ؟
نووسراوە، دەبێ بیکەم ؛ ئیتر چێ ماوە ؟!

Her karê dekem r̂ojî berê nûsirawe
Bo çak û xirap xiwa qeł̂emî lêdawe
Pirsiyar û gunahî kirdewem bo le mine ?
Nusirawe, debê bikem; îtir çî mawe?!



226

گەردوون چتە؟ کێ بێ فەڕە* ڕووت لێ ناوە
تێر و تەسەلە و بەرۆکی پڕ لە دراوە
بێ شێو* سەر دەنێنەوە هەزاران زانا
بمبوورە ئەگەرچی پیری، بیرت خاوە

* بێ فەڕ = بێ سوود، بێ بەهرە، بێ قەدر و قیمەت، سووکەڵە مرۆڤ
* شێو = نانی شەو، خواردنێک کە شەوانە دەخورێت

Geridûn çite? kê bêfer̂e r̂ût lênwe
Têr û tesel û berokî pir̂ le dirawe
Bêşêw ser denênewe hezaran zana
Bimibûre egeriçî pîrî, bîrit xawe



227

گەردوونی چەوێڵ* هەر بە چەپی سووڕاوە
هەربۆیە ئەوی ڕاستە تیا داماوە
بڕوانە لە هاواڵەتی شووشە و پیاڵە
خوێن کەوتە نێوان و لێو بە لێو چەسپاوە

* چەوێڵ = گۆج، شەل و خوار، قاچ و قول گێڕ

Geridûnî çewêl̂ her be çepî sûr̂awe
Heriboye ewî r̂asite têya damawe
Bir̂iwane le hawal̂etî şûşe û piyal̂e
Xiwên kewite nêwan û lêw be lêw çesipawe



228

مەیگێڕ وەرە ئەم هۆشە بەکارم نایە
مردن ڕەشەبایێکە، ژیانم کایە
بۆم تێکە لە گۆزەی مەیەکەت، هاکا دیت
گۆزێک لە گڵی منیش لە ناو کڵ* دایە

* کڵ = شوێنی هەرە گەرمی ناو تەندووری دیزە و گۆزە سوور کردنەوە.

Meyigêr̂ were em hoşe bekarim naye
Mirdin r̂eşebayêke, jiyanim kaye
Bom têke le gozey meyeket, haka dît
Gozêk le gil̂î minîş le naw kil̂ daye



229

خوێنتاڵە خەم و دوژمنە، خۆی لێ لادە !
خۆشێ لە کەسێک لێو بە بزە و دڵشادە
مەیگێڕ وەرە هەر ڕەنجی لە دنیا کێشام
بەر بادە !.. دەسا بمگەیە خۆت و بادە

Xiwênital̂e xem û dujimine, xoy lê lade !
Xoşî le kesêk lêw be bize û dil̂îşade
Meyigêr̂ were her r̂enicî le duniya kêşam
Bar bade!.. desa bimigeye xot û bade



230

کێ ڕەنجی ژیان دەکێشێ ئازایە کوڕە
بارانێ لە زیندانی سەدەف* دایە، دوڕە*
پیاو بۆ خۆ بمێنێ ماڵی دنیاشی دەبێ
پێوانە هەڵێک بەتاڵە زۆر جارێ پڕە

* زیندانی سەدەف = گوێ ماسی دەریایی کە گۆیا کاتی باران بارین خۆی دەکاتەوە بۆ وەرگرینی دڵۆپێک باران. گۆیا ئەو دڵۆپەبارانە لە ناو دڵی ئەو گوێ ماسییە دا دەمێنێتەوە و دەبێتە مرواری.

* دوڕ = مرواری

Kê r̂enicî jiyan dekêşê azaye kur̂e
Baranê le zinidanî sedef daye , dur̂e
Piyaw bo xo bimênê mal̂î duniyaşî debê
Pêwane helêk betal̂e zor carêş pir̂e



231

زێڕ گەرچی نە سەرمەیانی* پیاوی ژیرە
بێ دراو و هەژار لە سەر زەوی یەخسیرە
دەس تەنگییە وا وەنەوشە ملخوار و کزە
گوڵ پێدەکەنێ ، لە باخەڵی دا لیرە

* سەرمەیان = سەرمایە، دارایی

Zêr geriçî ne serimiyanî piyawî jîre
Bê diraw û hejar le ser zewî yexisîre
Des tenigîye wa wenewişe milxiwar û kize
Guĵ pêdekenê, le baxeĵî da lîre



232

گوڵ یاخە* دەکاتەوە بەرامبەر بە شنە
بولبول دڵی خۆشە کەوتە ئاواز و قنە*
تا تۆش و گوڵیش نەبوونە تۆزی بەر با
مەی بێنە لە گوڵزارێ بخەین بار و بنە

* یاخە = بەرۆک، یەخە ، بەرکۆژە
* قنە = لەنجە و لار و خۆڕاژاندن و خۆڕانانی باڵندە لە کاتی ئەڤینداری دا

Guĵ yaxe dekatewe beramiber be şine
Bulibul diĵî xoşe kewite awaz û qine
Ta toş û guĵîş nebûne tozî ber ba
Mey bêne le guĵizarê bixeyin bar û bine



233

نازداره بەهاره، سەوزەیە، دەم ئاوه
کوا دەفر و پیاڵه مەی؟ دڵم تەنگاوه
گەردوون گەلێ وەک تۆ و منی سەدجار سەدجار
بە پیاڵه دروست کرد و لە بەردی داوه

Nazidare behare, sewizeye, dem awe
Kiwa defir û piyaÎe mey? diÎim tenigawe
Geridûn gelê wek to û minî sedicar sedicar
Be piyaÎe dirusit kird û le beridî dawe



234

چاو جوان وەره لام، بە خەم بڵێ بەو لاوه
لێم هاڵێ هەتا داوی ژیان نەپساوه
نەورۆزه، چەمەن سەوزه، دەمێ سەرخۆش بین
تا سەوزه لە سەر گۆڕەکەمان نەڕواوه !

Çaw ciwan were lam, be xem biÎê bew lawe
Lêm haÎê heta dawî jiyan nepisawe
Newiroze, çemen sewize, demê serixoş bîn
Ta sewize le ser goȓekeman neȓiwawe !



235

پەنجەی گوڵی ڕوومەت گوڵەکەم، گوڵ چینە؟*
پەرژینێ بە گوڵ ؛ گوڵ لە گوڵم پەرژینە
تا شێنکە لە گۆڕە با بە یەکتر شاد بین
داخۆ چ دەمێ لە دەوری گۆڕت شینە !؟

* گوڵ چینە؟ = گوڵ چییە لە بەرامبەر گوڵی دەم و ڕوومەتی تۆ دا ؟

Penicey guĺî r̂ûmet guĺekem, guĺ çîne?
Perijînê be guĺ; guĺ le guĺim perijîne
Ta şînike le gor̂e ba be yekitir şad bîn
Daxo çi demê le dewirî gor̂it şîne !?



236

بۆ دەردی دەروون و کوڵی دڵ مەی چاکە
هەر کووپە مەیە لە سەر زەوی دڵپاکە
لافاوی خەم و کەسەر کە دەوری لێدای
مەیخانە: گەمێی نووحە، بەلەز* بۆی ڕاکە

* بە لەز = خێرا، بەپەلە

Bo deridî derûn û kuĺî diĺ mey çake
Her kupe meye le ser zewî diĺipake
Lafawî xem û keser ke dewirî lêday
Meyixane: gemêyî nûĥe, belez boy r̂ake

نووح = nûĥ    ح = ĥ



237

مەی بیرەوەری چاخی* جوانی خۆمە
هاوڕاز و گلەی ڕۆژ و شەوانی خۆمە
ئاڵە وەکوو **چا**وەکەم لە دووری یاران
تاڵە و بەلەزەت وەکوو ژیانی خۆمە

* چاخ = کات و سەردەم، زەمان

Mey bîrewerî çaxî cewanî xome
Hawiřaz û giley řoj û şewanî xome
Aĺe wekû çawekem le dûrî yaran
Taĺe û belezet wekû jiyanî xome



238

مردووی بەرە مەیخانە ڕوحی تێدایە
ئەو بۆنی لە مەی دێ نەفەسی عیسایە*
دەرخۆنە* کە دەخرێتە سەری کووپەی مەی
تاجی سەری سەد کاوس* و جەم* هێژایە

* نەفەسی عیسا = چیرۆکە ئایینییەکاندا دەڵێن کە گۆیا عیسای مەسیح بە هاڵاوی دەمی، مردووی زیندوو کردۆتەوە

* دەرخۆنە = سەرپۆشی کووپە

* کاوس = کەیکاوس پادشای خەیاڵیی ساهنامەی فیردەوسی

* جەم = جەمشیدی جەم

Mirdûy bere meyixane řuhî têdaye
Ew bonî le mey dê nefesî îsaye
Derixone ke dexirête serî kûpey mey
Tacî serî sed kawis û cem hêjaye



239

مەیگێڕ وەرە دەس مەگێڕەوە مەی بێنە
مەی ژینە لە ناو لەش و لە ڕەگدا خوێنە
کێ دیتی شتێک کە ئاگر و ئاویشە ؟
مەی ئاوی ژیانی مەیە*، خەم سووتێنە

* مەیە = هی ئێمەیە

Meyigêr̂ were des megêr̂ewe mey bêne
Mey jîne le naw leş û le r̂egida xiwêne
Kê dîtî şitêk ke agir û awîşe ?
Mey awî jiyanî meye, xem sûtêne



240

خۆڵی لەشەکەم بە تایبەتی خڕ کەنەوە
مەی لێبدەن  و باشی تەڕ و بڕ کەنەوە
خشتێکی بپێژن لەمە، بەڵکوو جارێک
مەیخانە کەلێنێکی بە من پڕ کەنەوە

Xol̂î leşekem betayibetî xir̂ kenewe
Mey lêbiden û başî ter̂ û bir̂ kenewe
Xişitêkî bipêjin leme, bel̂ikû carêk
Meyixane kelênêkî be min pir̂ kenewe




241

چیته لە گەڵ ئەم جیهانە کەوتوویە ملە* ؟
بایی*، کە دەڵێن بەختەوەرە و جێگە زلە ؟
کەم پاڵ دەوە، ڕەشماڵی* لەشت تێک دەتەپێ
ئەستووندەکی* کرمۆڵە پەت و سنگی شلە

* ملە = کێبڕکێ، زۆرانبازی
* بایی = بەفیز و لە خۆ گۆڕاو.. نرخ، قەدر و قیمەت .
* ڕەشماڵ = خێوەت و چادر و چیغی هەوارچییان کە لە مووی بزن ساز دەکرێت
* ئەستوندەک = دار کۆڵەکەی ناو چادر و چیغی هەوارچییان کە ڕەشماڵەکەی لە سەر هەڵدەدرێت .

Çîte le geÎ em cîhane kewitûye mile ?
Bayî, ke deÎên bexitewere û cêge zile ?
Kem pal dewe, r̂eşimaÎî leşit têk detepê
Estûnedekî kiroÎe pet û sinigî şile



242

ڕامان و کزی بەسە، وەرە مەی تێکە
وەبزانە هەموو کاری جیهانت ڕێکە
خۆت دانێ لە سەر پەلکە گوڵێک ئاونگی*
مەرگت بە گزنگێکە*، تەمەن تاوێکە

* ئاونگ = لە هەندە شەوێکی فینکی بەهاران دا ، شەوانە هەڵمی سەر باخ و باخچە و مێرگەجاڕان لە ژێر کارکردی سەرما قورس دەبێ و وەک وردە دڵۆپ دەڕژێتەوە سەر پەلک و گەڵاکانەوە و ئاونگ یان شەونمی پێدەڵێن.
* گزنگ = یەکەمین ڕوناکی و سپێنەی بەر لە دەرکەوتنی هەتاو.

Raman û kizî bese, were mey têke
We bizane hemû karî cîhanit r̂êke
Xot danê le ser pelike guÎêk awinigî
Merigit be gizênigêke, temen tawêke



243

لەم خانە دوو دەرگانە* کە پێت تێناوە
هاتووی بە پەلە و دەچیە دەرێ لەو لاوە
ژینت بە خەفەتباریە مەرگیش سەربار
پێت وایە نەدۆڕاوی؟ .. خەیاڵت خاوە

* خانەی دوو دەرگانە = ماڵی دوو درگا، ئاماژەیەکە بە ماوە و مەودای لە دایک بوون و کۆچکردنی مرۆڤە؛ لە دەرگای یەکەمدا لە دایک دەبین و لە دەرگای دووەم دا دەمرین و لە ماڵ دەچینە دەر.

Lem xane dû derigane ke pêt tênawe
Hatûy be pele û deçiye derê lew lawe
Jînit be xefetibarîye merigîş seribar
Pêt waye nedoȓawî?.. xeyaîit xawe



244

بش بووبێ وەفا، ئێستە وەجاخی کوێرە*
کێ ڕاستە لەوانی دیوتە؟ یەک بژمێرە
هەر کووپە مەیە و هەواڵی دڵپاکە و بەس
بێ فێڵە، مەترسە !.. خۆتی پێ بسپێرە

* وەجاخ کوێر = دەڵێن: لە سەردەمی ئاگرپەرستی دا، بۆ ئەوەیکە ئاگری نێوماڵ نەکووژێتەوە، یەکێک لە منداڵانی بنەماڵە دەبوایە ئاگاداری ئاگری ناوماڵ بوونایە؛ بنەماڵەیەک کە هیچ منداڵیان نەبوایە، ئاورگ و کوانۆی ماڵیان بێ ئاگر دەمایەوە و دەیانگوت: وەجاخیان کوێرە.

Biş bûbê wefa, êsite wicaxî kiwêre
Kê ȓasite lewanî dîwite? yek bijimêre
Her kûpe meye û hawaÎî diÎipake û bes
Bê fêÎe, metirise!.. xotî pê bisipêre



245

مەیخانە دەگەڵ هەمدڵ و هەمدەم خۆشە
دەم بۆ دەم و دەستی بەری بۆ مەم خۆشە
زگ کووپە نییە، لە مەی جمەی بێ ، دەم و ژەم
بۆ لەمپەری خەم ، دەمدەم و کەم کەم خۆشە

Meyixane deger̂ hemidir̂ û hemidem xoşe
Dem bo dem û desitê berî bo mem xoşe
Zig kûpe niye, le mey cimey bê dem û jem
Bo lemiperî xem, demidem û kemikem xoşe



246

دۆستێکی بەڕاستی خەمڕەوێنمانە، مەیە
ئیتر هەموو دۆستایەتی دنیا گەمەیە
چاخی گوڵ و یارێکی گوڵندام و مەیەک
ڕابوێری بەدڵ دەمێک، ژیان هەر ئەمەیە

Dositêkî beȓasitî xemiȓewênimane, meye
Îtir hemû dositayetyî duniya gemeye
Çaxî gur̂ û yarêkî gur̂endam û meyêk
Ȓabiwêre be dir̂ demêk, jiyan her emeye



247

حەیفم لە دڵێ دێ کە بەبێ سووتمانە
دڵداری تیا نەکردووە هێلانە
هەر ڕۆژێ کە بێ دلبەر و بێ دڵداری
بێ نرخە، پڕ و پووچە، زیانی ژیانە

Heyifim le diĺê dê ke be bê sûtimane
Diĺidarî tiya nekiridûwe hêlilane
Her r̂ojê ke bê diliber û diĺidarî
Bênirixe, pir̂ û pûçe, ziyanî jiyane



248

پشکوتووە گوڵ، چ دیمەنێ شەنگێ* هەیە
مەیگێڕ وەرە بۆم تێکە، دڵم ژەنگی هەیە
بەس بۆم بڵێ چیرۆکی بەهەشت و هۆری
خێوە و جنە، ڕەنگی نییە هەر دەنگی هەیە

* شەنگ = شیرین، لەبەردڵان، جوان، ڕازاوە

Pişikutiwe guĺ, çi dîmenî şenigî heye
Meyigêr̂ were bom têke, diĺim jenigî heye
Bes bom biĺê çîrokî beheşit û horî
Xêwe û cine, r̂enigî niye her denigî heye



249

وا جەژنی بەراتە و شەوی ڕۆژی دانە
سەرکاری خودا گەرمی گەز و پێوانە
مەیگێڕ بەشی من وەرگرە خۆم سەرخۆشم
تا ڕۆژی مەرگ جێگەمە ئەم مەیخانە

Wa cejinî berate û şewî řozî dane
Serikarî xuda gerimî gez û pêwane
Meyigêř beşî min werigire xom serixoşim
Ta řojî merig cêgeme em meyixane



250

پیرم و ئەوەتەی لە بیرمە، ژینم تاڵە
هەر خۆزگە بە پارە و، گلەیی لەمساڵە
لەمنت کەوی مردن دەویەوێم، های مەیگێڕ
دوا کۆچە دەفریام خە دوامین پیاڵە

Pîrim û ewetey lebirîme, jînim taĺe
Her xozige be pare û, gileyî lem saĺe
Le minit kewê miridin deyewêm, hay meyigêř
Diwa koçe defiriyamixe diwamîn piyaĺe

# کۆتایی



www.gagesh.com

18/5/2000